# ئەدەب وەك بەشێك لە ڕۆح

# ئەدەب وەك بەشێك لە ڕۆح

غەمگین بۆڵی

٢٠١١

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**


**ناوی کتێب: ئەدەب وەك بەشێك لەڕۆح**

**نووسینی: غەمگین بۆڵی**

**پیتچنین: هەورین نەجات**

**نەخشەسازی ناوەڕۆك: سامی عەلی بندینان**

**چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٤٢٨ ) ساڵی( ٢٠١١)ی پێدراوە



* مافی چاپکردنی پاێزراوە بۆوەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و خاوەنی کتێبەکە

* ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. Com

# دیارییەبە:

# تـۆ

# من هیچ حەزم لەوە نییە دەسکاری چرای نەوت بکەم

سەرەتاکان کۆتاییيان بەدوادا دێت

ئەوکاتـــانەی بەســـتوونی پانتـــایی خەونەکـــان و نۆستالیژیای وشـەکان هەڵدەزنێم، دەشێ ئەوەمن نەبم کە خـۆم و دەوروبەرم پـێ نـامۆیە. ئاخرزۆرجـار ئەوە مـــن نـــیم کە گـــوایە مـــنم ! ناشـــێ نووســـەرێک بەشـــەمەندەفەری فیکرەکـــانی بیەوێـت بەجـادە کـانی مەملەکەتی وێژەدا پیاسە بکات و نەزانێت لەکام ڕێگایەو لەکـوێ هـاتووە و بـۆچی دەخـولێتەوە ؟! وەلـێ کـاتێ ڕەخـنە گرێـک هۆشـیاری دەکـاتەوە، ئەو لەبـڕی ئەوە نەمامی ڕق و کینەی بەرامبەر دەڕوێنێ. گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی نەبوونی میتۆد و تیۆری ڕەخنە نییە، ڕەخـنەی ئەدەبـی کـوردی زیـاتر لە قـوڕگروپچیەتی و لیتەی ناوچەگەرییەوە چەقیوە، نـابێ ئەدەب بەلایەنێکی بەرژەوەنـــدییەوە موتـــوربە بکرێـــت، کەئەم ڕەخـــنە ناتەندروستە هەناسەکانی دا هێنان و نوێگەریی پچرپچر

کردووه. که ئەوه زیندانیکردنی ئەقڵی نووسەر خۆیەتی، ئێمە له فیردەوسییەتی ئیمانستانی نووری بۆچوون و حــوزنی وشـــه و بەرائەتـــی دەربڕینـــدا، له دوورگه فەنابووەکانی زەمەنێکی پڕ شـەرانگێزدا دەنووسـین و حەبای ڕەش دەپۆشین.

**ناوەڕۆك**

ترسنۆک هەرگیز قوربانی نادات، ئەوه کەسی پاڵەوانه که هەمیـشه قوربـانی دەدات لەپێنـاو ئـازادی، ئەوانەی وێڵی ئازادییەکی جوانن هەرگیز لەگەڵ ئەو سیستەم و سەردەمەی کەتێیدا دەژیەت هاوڕا نییه.

یالمارسۆدێرباری) له ڕۆمانی دوکتۆر کلاسدا وەها تـۆی بۆچوونەکـانی وەشـاندووه ((ئەوەی لەســەر ئەم کاغەزه دەینووسم،چ ددانپیانانێک نییه، دەبێ ئیعتیراف بـۆکێ بـکەم؟ مـن هەمـوو شـتێک لەبـارەی خـۆمەوه نـاگێرمەوه. تەنیـا ئەوه دەگێـرمەوه که هەوەسـم لێـیه بیگێـرمەوه، بەڵام هـیچ شـتێک لەبـارەی ئەوه وه نـاڵێم کەڕاست نییه، درۆ لەبارەی بەد بەختی ڕۆحمەوه، جا ئەگەر بەد بەخـت بێـت، نـاگەم !)). نووسـەر له نێـو دووفاقیەتی گومانگەرییدا هەمیشه لەبوونێکدا دەتلێتەوه،

کە ئەمەش بەســەر کـارەئەکتەری ڕۆمـانەکەدا پەخـش بـووە. تەنـانەت وشـەکان هێنـدە پـڕن لە نێـو گوتنـدا،لە دێرەکانـدا پـاڵ بەفانتازیـا و ئیـستاتیکاوە دەنـێن، تـاکو ئـاوێتەی میتۆلـۆژیەتی هیومـانیزمی بێـت. دەسـتپێکی ڕۆمـانەکە زیـاتر پرسـیارە گۆمانگەرییەکـانی خـود و میتـافیزیقی حەپەســان لەبەردەم ئـاوێتەی ژیانــدایە. ژیـانیش لەم ڕۆمـانەدا لە جەنگێکـی دژواردایە، لەنێـوان کوشـتن و ئـازادکردنی کەسـێکی تـردا. چـۆن قەشــە تەمەنــی پەنجـا و حەوت ســاڵە و ژنەکەشــی لەوپەڕی جحێڵیدایە. دەشێ قەشە دینەکەی کردبێت فاکتەرێک بۆ مەرامە تایبەتییەکـان و جووتبـوون و غەریزەکـانی تـر، قەشــە ئـایین دەکـاتە تـاکە بەهـانە. ئەولەبەرامبەریـدا بەســـاردو ســـری مـــامەلە لەگەڵ حەزە پـــاییزییە گڕگرتووەکانی قەشەدا دەکات، ئەو نایەوێت بەو ناسکی وجحێڵـیـیەی خـۆیەوە لە گەڵ پیـرە قەشـەیەک سـێکس بکات، کەچرای عەشقی راستەقینەی لێ خەفە کردووەو حەزە بەهارییەکانی لە پاییزی خۆیدا وشک و قەتیس کردووە. ئەو دەیەوێت عاشق ببێت ئەوسا سێکس بکا، بەر لە عاشـــقبوون ســـێکس ئـــازاری دەدات. کە ئەمە بەدرێژایی ڕۆمانەکە هاودژی یەکتر دەکەوێتەوە لەگەڵ

هەوەس و داب ونەریت و عەشق و غەریزەکانی. دەشێ لەڕێگەی مومارەسەکردنی سێکسەوە ژن داگیربکرێت، وەلێ ناشی عەشق داگیر بکرێت. عەشق وحەزە بەهارییەکانی ژن ئازادبوونی گەرەکە، نەوەک داگیرکردن. لەپشتی هەموو ئازادییەکەوە عەشقێکی پڕلەحەز و خەون بوونی هەیە، ئیشکالەتی هاودژبوونی نێوان مومارەسەی سێکس و حەزە بەهارییەکانی عاشقبوون تەوەری سەرکی ڕۆمانەکەیە لەپاڵ کوشتندا. نووسەر هەمیشە خەون دەبینێت و لای وایە خەونەکانمان چەشنی ئاوی رووبارەکان دەڕۆن و ناوەستن و ناگەڕێنەوە. بۆیە خوێنەر لەنێو ئەو زمانە تۆکمەنەی کەپێی نووسیوە، ناتوانێت چەشنی شێرێکی برسی بەپەلە ڕاوی مامزی دیمەنگەلەکانی نێو ڕۆمانەکە بکات. لە دەستپێکردنەوەی یاداشتەکانی ڕۆژانەییدا وشەکان بە جۆرێک بارگاوی کراون کە فانتازیای خەونە پڕگومان و پرسیارەکانی نووسەرەوە کۆتاییان هاتووە. نووسەر ئەو سێ مانگەی کە باڵەخانەی ڕۆمانەکەی لەسە ردامەزراندووەو نەخشاندوویەتی، ئاوێتەی بەرائەتی منداڵی و گەڕانەوە بۆ خەونە گەورەکانی بەرایی، کەڕۆمانەکە بەرەو ئاقارێکی

ڕازاوەی سـەوزی پڕگـوڵ بـردووە. دەشـێ هەر نووسەرێکی جواننووس لەبارەی خەونەکانی منداڵییەوە، لە ڕۆمانێکـدا بەرائەت بنووسـێتەوە، وەلـێ خەونەکـانی منـداڵی و پرسـیارە سـەرەتاییەکان بەئیـستاتیکاکردن لەگەڵ ئەو زەمەنە پڕ گومانەی کەنووسەر تێیدا دەژێت، تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە بێت. کە یالمار سۆدێرباری بەوەردی کـاری بـۆی کـردووە. ئەو ڕۆمـانە لە سـاڵی ١٩٠٥ بـڵاو کـراوەتەوە، کە سـەد سـاڵ بەر لە ئەمـڕۆ دەکـات. وەلـێ تـام و بـۆی ئێستا دەدات، نووسـەر ئەو دیمەنـگەلە بەرائەتییـانەی لە واقیعـی یاداشـتەکەدا خەیاڵەکـانی پێ پەلکێشی ئێستاتیکا کـردووە. زۆرجـار بەمیتۆلـۆژیەتی خـودبە کۆتـا دێـت، مـومکین نیـیە ڕۆماننووسـە گەورەکـان هێنـدە بەسـتوونەکانی خەیـاڵ هەڵزنـابن کەدواجـار بە پـێش واقـیعگەلەوە کەوتـوون و سەردەم و قۆناعەکانی ژیانیان بەزاندووە و بۆ هەمیشە بەزینـدوویی مـاونەتەوە، ئـاخر ئەوە فیکـری جـوان و زمانێکی تۆکمە و پاراوە تەمەن درێژی بە نووسینەکان دەدات و نووسـەر سـەردەمەکان لە نێو واقیعـی خۆیـدا دەپێچێـتەوە. نووسـەر بەو پەڕی قـوڵییەوە بـاس لە ئـازادکردنی ژنێکـی داگیرکـراو لەلایەن قەشـەیەکەوە

دەكات، كە قەشەی مێردی بە هەردوو دیوەكەی ئازاری دەدات. هانا بـردن بۆدوكتـۆر گـلاس و گەڕان بەدوای فریاد ڕەسێك دەشێ ئەوە دەروازەی ڕۆمانەكە نەبێت. بەڵكو كلیلەكەیەتی. دوكتۆر گلاس بۆ پاراستنی حەز و ئازادییەكانی عەشقی بیر لە كوشتنی قەشە دەكاتەوە، دوایی ململانێیەكی مۆنۆلۆجی خود وگەیشتن بە مەحاڵ و لادان لە داب و نەریـت و یاسـاكانی ژیانیـان، بـۆیە دوكتـۆر گـلاس بەحەپ قەشــە لەنـاو دەبـات، دەشــێ كوشتنی كەسێك بە حەپ لە پێناو ئازادكردنی كەسێكی تــردا پرســیارگەلێكی گومــانگەریی دەخــاتە بەردەم ویــــژدانەوە. كەنووســــەر بە وردی پرســــیارە گومانگەرییەكان و خەونە ئەفسانەیییەكانی خودی ڕاڤە كــردووە و بە ئاقارێكـدا بردوونــی كە هەســت بە پــڕ بوونی گۆزەی حەز و دڵی عەشق و تەواو كارییەكانی هیومانیزمی دەكەین لەبەردەم كوشتنی كەسێك لە پێناو ئازاد كردنی كەسێكی تردا. ئاخر نووسەر جواننووس خوێنەرەكــانی هــۆگری ئەو دەلالەتە گومانگەرییــانەی ژیــان و پرســەكانی كوشــتن دەكــات و دەنووســێت ((زۆرجار بیر دەكەمەوە كە ئاخۆ ئەگەر هیچ كتێبێكم نە

خوێنـــدبایەوە وهـــیچ تـــابلۆیەکی هـــونەریم نەبینیبـــا، چ سروشتێکم هەڵدەبژارد!)).

## کۆتاییەکان هەر بە هیوای سەرەتان

ئەو دیمەنگەلانەی کەلە ڕۆمـانی دوکتۆرگلاسـدا سـەد سـاڵە نووسـراون و ئێستایش خۆیـان بەسـەر ژیـان و مرۆڤایەتیدا پەخش دەکەن.

* کۆکردنەوەی پارەی رۆژانە بۆکڕینی کتێب.
* پەرەنەدانـی زیـاتر بە خوێنـدن بـۆ پـلەی بەرزتـر و تەواو نەکردنی قۆناغەکان، لەبەر نان پەیدا کردن.
* توند و تیژی جەستەیی و ڕۆحی بەرامبەر بەژن.
* بەکار هێنانی دین بۆ وەسیلەی تایبەت.
* کۆمەڵگەی نێرسالاری و باوکسالاری.
* داب و نەریـــت و کۆســـپەکانی خۆشـــکوزەرانی بـــۆ ژیانبوون.

## چەند سەرەنجێک لەبارەی وەرگێڕانەکەوە

دیـــارە وەرگێڕانـــی ڕۆمـــانێکی پڕفانتازیـــا و چـــڕ و کارێکی زۆر زەحمەتترە، لە وەرگێڕانی ڕۆمانێکی سادە. وەلـــێ ئەوە ئەوە ناگەیەنێـــت کە گرفتەکـــان لەبـــارەی وەرگێـڕانەکەوە نەخەیـنە ڕوو. هەنـدێک دەسـتە واژە لە زمـانی کوردییـدا مـۆرکی نـاوچەگەریی پێوەیە ز کەئەمە لە پرۆسـەی وەرگێڕانـدا کارەسـاتە، یـاخود بەو شـێوەیە دروســـت نـــین و وەرگێـــڕانەکەش دەچێـــتە خـــانەی وەرگێڕانێکـــــی ناتەندروســـــتەوە. وەرگێـــــڕ (دلاوەر قەرەداغی) هەم وەکو نووسەر و هەمیش وەک وەرگێڕ پانتـاییەکی فراوانـی لەئەدەبـی کوردییـدا داگیرکـردووە، وەرگێڕ لەم ڕۆمانەدا لە نێوان وشەی ((وتی)) و وشـەی ((گوتی)) یدا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە. ڕۆمانەکە کەناوی ((دوکتـــــۆرگلاس))ە، وەلـــــێ لەناســـــاندنی کتێبـــــدا ((دکتۆرگلاس))ە. ڕستەی ((ئەگەر بۆنموونە)) قورسـە لە سەر زمانـدا روونترە و تیژبێژتـرە ببێژرێت ((بۆنمـوونە ئەگەر)). هەروەهـــا ((ئێـــوارەت بـــاش جەنـــابی قەشـــە، وەزعتـان چـۆنە؟)) لێرەدا قەشـە نـاوێکی تـاکە و بەتەنیـا هـاتووە، وشـەی ((وەزعتـان))یـش کـۆیە دروسـتییەکەی

((ئێـوارەت بـاش جەنـابی قەشــە، وەزعـت چـۆنە؟)) یە. وەلێ گرفتی گەورەی وەرگێڕانەکە ئەوەیە کە زۆرێک لە دەســتەواژەکان شــێوەزاری کوردســتانی رۆژهەڵاتــین، ئەمەش بەدرێژایــی وەرگێــڕانەکە زاڵبــووە لەهەنــدێک دەربڕینـــدا، ئەم هۆکـــارەش لە دوامـــاهی کتێـــبەکەدا خوێنەری ژێر هەستی پێ دەکات.

**پەراوێز و سەرچاوە**

* ڕۆمـــانی (دوکتـــۆرگلاس) نووســـینی _ یالمـــار ســـۆدێرباری/ وەرگێڕانـــی لە ســـوێدییەوە _ دلاوەر قەرەداغی _ لەبڵاو کراوەکانی ئاراس - ژمارە - ٩١٢ – چاپی یەکەم ٢٠٠٩ .

*نووســـینی نـــاو کەوانەکـــان و مانـــشێتەکەم، لە ڕۆمانەکەوە وەرگرتووە.

# بەیەکدادانی کولتووره جوایەزەکان لە ڕۆمانی بەفردا

## سەرەتایەک بۆتیۆری ڕۆمانی هاوچەرخ:

لەدیـدگای هـیگڵەوە ڕۆمـانی هـاوچەرخ لەکۆتـایی سـەدەی هەژدە و سـەرەتایی سـەدەی نـۆزدەوە دەسـتی پێکردووە،وەلـێ لەسـەدەی نـۆزدە زیـاتر بـوونی خـۆی لەنێوەندی ئەدەبیاتدا سەلماندووە، داهێنانەکانی گێرانەوە لەڕۆمانـدا زیـاتر لە دەرئەنجـامی زیـاد پێوەنـانەوە بـووە "ئەمە لە ڕۆمانی کۆندا، وەلێ ئەم گێڕانەوەش بەند بووە بەو کـارو کـردەیەی کەوا ڕووی داوە، دەشـێ بەدەرئەنجـامی ڕووداو گەلەکـانیش ناوزەنـدی بکەین،هەرچەندە جوایەزیش هەیە لە نێوان ئەوەی کەوا ڕوویداوە و ئەوەی کە چیرۆکخوان دەیەوێت بیگەیەنێتە گـوێگر "کەسـی وەرگـر"،هەربـۆیە دە سـتەوا ژەکـان دەمـانبەنەوە بـۆبەردەم ئەو پرسـیارەی کەوا ڕۆمـان چیـیە؟، چـۆن ڕۆمـان هـاتە بـوون؟، سـەرەتاکانی

ســەرهەڵدانی ڕۆمــان چــۆن بــووە؟، ئەمــانەو چەنــدین پرســیارگەلی تــر عەودالّــی ئەوەن کەوا هەمیــشە ڕاڤە لە دەلاقەی لیبـــراڵیەتەوە بکرێـــت،کەوا تیـــۆری ڕۆمـــان ڕاڤەگەلی جودا وازی گەرەکە.ڕۆمان بوونی لە نـاوەوەی هەمـــوو مرۆڤێکـــدا هەیە،کە سروشـــتێکی تـــایبەت بە مرۆڤبـــوونەوە بە یەکەوەیـــان دەلکێنێـــت، ڕۆمـــان لە دەرەوەی ئەم سروشتەشـەوە بـوونی هەیە، دەشـێ لە م دیدەوە وەهـا بـڕوانین کەوا ڕۆمـان لە گەڵ پتەو بـوونی پەیوەنـــــدییە مرۆڤدۆســـــتییەکان و پەیوەنـــــدییە ژیاندۆسـتییەکان سـەری هەڵـداوە،هەربۆیەش ڕۆمـان لە دوێنێ و ئەمڕۆدا خۆی دە دۆزێتەوە،دەلوێت لە شـرۆڤە کردنی تیۆری ڕۆماندا وەها هەڵوەستە بکەین،کە ڕۆمـان ئەو ژانەرە فـرە ڕەهەنـدەیە کە خەیـاڵگەریی و گەڕانەوە بۆخــودو ســەفەرە پــۆخڵەوا تچییەکــان وبەیەککەوتنــی دەنگ و ڕووداوگەل لە نێوییدا بوونیـان هەیە،کە ئەویـش خۆی بەسـەر ئەقڵی خوێنەرگەلی ئەمرۆدا سەپاندووە، ڕا گەلیک هەن کە گوایە: ڕۆمان لە هەموو تیۆرەکـانی تـری ئەدەبـــی تێپەڕانـــدووە،ئەگەرچی شـــیعر ســـەربەهان بنچینەی ڕۆمـانەوەیە، وەلـێ بـۆ پـشت ڕاسـتکردنەوەی ڕاکانییــان نمــوونەی ئەوە دەهێنــنەوە کە زۆر بەی ئەو

نووســـەرانەی کەوا خەڵاتـــی گەورەی ئەدەبیـاتی نۆبـڵ بەدەســـت دەهێـــنن لەڕگەی ڕۆمـــانەوەیە. هەربـــۆیە ڕۆماننووسـی چـاپوک و جـوانبین بـۆ ڕۆمـانێکی هـاو چەرخ ڕووی جیهـانێکی تـرو لەدیـد گـایەکی هـونەری تازەترەوە، ستایلێکی سەرەنج ڕاکێش بەرهەم دەهێنێت.

## ئۆرهان پاموک لەگێڕانەوەی ڕۆمانی (بەفر)دا

هەڵگـری خەڵاتـی مەزنـی نـۆبڵی ئەدەبیـاتی جیهـانی سـاڵی (٢٠٠٦) ڕۆمـانی بەفـری ڕۆماننووسـی تـورک ئۆرهـان پـاموک،کە نووســـەر بەو پەری وردبینیـیەوە لەبارەی ڕەهەندگەلێکی ئاڵۆزکاو ورووژاوە، سـەرەرای ئەوچەمکـــــانەی کردوونیەتـــــی بە کـــــۆڵەکەی ڕۆمـانەکە،چەمکگەرێکی هەسـتیار و پڕهێنـی بەو پەڕی جوانبینییەوە باسییان لێوە کراوە، وەک چۆن ڕاو کەر ســـەرەتا خـــۆی لەنیـــشانەکردنەکەی بەرامـــبەر بە نێچیرەکەی دڵنیا دەکاتەوە ئەوسا دەتوانێت ئەنجامێکی باشی هەبێت، ئۆرهان پاموکیش لەم ڕۆمانەیدا سـەرەتا لە کێـشەو ململانێیەکـان و چەمـکە هەسـتیارەکان و

بارەکانی دەرەوەی ویستەکان و ناوەوە ورد بۆتەوەو سەیری تەواوی ململانییەکەی کردووە، ئەو سا کار بۆ کرۆکەکەی کراوە، هەربۆیە لە ڕووبەری ڕۆمانەکەدا مەخلـوقێکی شـەرانگێز وململانێیەکـی ئـالۆز بەدی دەکرێت، وەلێ ئەمانە هەموو ی بە زمانێکی هێمن و بێگەرد نووسراونەتەوە.ئەگەرچی ئۆرهان پاموک تەنیا لەو دیـوی کێـشە کولتوورییەکـان و ململانێـیە سیاسییەکان و گروپە ئیسلامییەکان هەقیقەتێکی جوان دەنووسێتەوە، وەلێ وەک چۆن (کافکا) کارە داهێنەرە ئەدەبییەکانی تۆمەتی ئایدەلۆژیای زایۆنیزمی خرایە پاڵ، تەنیا لەبەر ئەوەی کافکا سەر بە ئاینی جوولەکە بوو، ئۆرهان پاموکیش لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە بۆ قێزە ن کردنی ناو و بەرهەمەکانی بە شێوازگەلی جوایەز دەیان ویست لکەداری بکەن،ئاخر نووسەری ڕاستەقینە باکی بەوەنییە کەوا بەر بەستی هەیە، چۆک دا نادات بۆ هیچ سیستەم و دەسەلات و حیزبێکەوە، هەر بۆیە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ پەیامێکی مەزن بوو بۆ نەیارانی پاموک. کافکـاش بەرلە مردنـی ئەڵمانییەکـان و دەو ڵە تە ڕۆژ ئاواییەکـان درکییـان بە بلیمەتـی ئەو کەڵە نووسـەرە نەکردبوو، لە دوایی مردنـی شـاکارەکانی کەوتنە بەر

تیشکی ڕەخنەو توێژینەوە. زۆر مومکینە ڕۆمانی بەفر شـرۆڤەگەلێکی جـوایەزلە زۆر ڕەهەنـدەوە لە خـۆدەگر ێت، هەر بۆیە منیش بە پێی خوێندنەوەم و دیدگام بە ڕووی رشـــــۆمانەکەوە هەوڵـــــدەدەم لەبـــــارەی پرسکەلێکییانەوە بدوێم.چیرۆکی ڕۆمانەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کاتێک (کا)ی ڕۆژنامەنووس و شاعیر دوایـی تێپەرینـی دوازدە سـاڵ ژیـان بەسـەر بـردن لە لەتاراوگەی شاری (فرانکفۆرت)ی وڵاتی (ئەڵمانیا) بۆ وڵاتەکەی خـۆی دەگەڕێـتەوە، دوایـی پـشویەکی چەنـد رۆژە، لەلایەن رۆژنـــامەیەکی ئەو شـــارەوە پێـــشنیار دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی رۆژنامەگەریی لەبارەی خۆکوشتنی کچان وژنان و هەڵبژاردنەکانی شارەوانی شـــاری (قـــارس)ی وێـــران و هەژار،کە هەمـــوولایەک پێشبینی ئەوە دەکەن ئیسلامییەکان تێیدا سەرکەوتن بە دەسـت بهێـنن، لەدەرئەنجـامی هاووشـۆکردنی (کـا)لە گەڵ بنە ماڵەی کچان و ژنانی خۆکوشتوودا،دەکەوێتە نێـــو تەنـــگەژەی سیاســـەتەوە، کەچـــی (کـــا)ی رۆژنـــامەنووس و شـــاعیر بە خەیـــاڵی ئەوە رووی لە شـاری قـارس کـردووە، کە یەکەم ئەڤینـی سـەردەمی زانکـۆی بـدۆزێتەوە، کەلەپێناویـدا وێـڵ دەبێـت و بەدەم

لێکدانەوە و هۆنینەوەی شیعرەکانی تروسکایی جوانتر لە ئاسۆکانی ئایندەی بەدی دەکات، لێرەوە بۆمان ڕاڤە دەبێت: کەوا ئەدەب لەکایەکانی تری ژیانیشدا، وەک بەفر سپی و هێمن و بێگەردە، بەفریش وەک تەوەرێکی سەرەکی پانتایی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە و بۆتە بڕبڕەی پشتی ڕۆمانەکە، خوێنەر ی ژیر لە قوڵبوونەوەی ڕۆمانی بەفردا هەست بەوە دەکات،کەوا بەفر چەشنی شیعرە و شیعریش هەروەک بەفر نەرم و نیانەو بەرائەتی لێدەچۆڕێت.

ڕێگە گیران بە هۆی زۆری بارینی بەفرەوە، مەوداکانی ڕۆمانەکەی درێژتر کردۆتەوە، نووسەر زیرەکانە سودی لە مەوداکان وەرگرتووەو توانا کانی کارە ئەکتەرەکانی لە نێویاندا نەخش کردووە، پاموک بۆ ورد کردنەوەی چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکەی، پێویستی بە وزەیەکی زۆر هەبووە، تا بە قوڵی ئاوێتەی وردە کارییەکانی بە یەکدادانی گەلەکان ببێت و لە ڕەهەند گەلی جودا وازەوە کۆدە نهێنییەکانی رۆمانەکەی حەشار داوە، هەر بۆیە لەم دیدگایەوە لوتکەی تەکنیککاریی ڕۆمانەکە بە ڕوونی هەست پێدەکرێت، مومکینە تەکنیک بە بەفر تەنیا بە هانەیەک نەبێت، بەڵکو

بەریەککەوتنی کوکتووره جیاوازەکاننی نێوان دەوڵەت و نەتەوەو شـــــار و مــــــرۆڤە، کە ئەم جیـــــاوازبوونی کولتــوورییە وهەڵوەســتە لەســەر کردنــی هێنــدەی تــر ڕوانیینەکـــانی پرشـــــندارکردووەو فـــــرە شـــــەنگی بەجوانییەکـانی ڕۆمـانەکە بەخـشیوە، لەگەڵ ئەوەشـدا خەفەتـــی گەڕانەوە بــۆ خودبــوون وترســـی تـــاڵاوی تـــاراوگەو ســـــەفەر لە نێـــوان هەردووک شـــــاری فرانکفۆرت و ئەستەنبۆڵدا بەهاوبەشی لەگەڵ یاخیبووە کوردییەکـــان و ڕووداو گەلە کۆنەکـــانی ئەرمەنـــی و گروپە ئیسلامییەکان وپارتە سیاسییەکان دەبنە کۆدی بەفر. هەر بۆیە بۆکردنەوەی کۆدەکانی ئەو ململانێیە ئاڵۆزە ئۆرهـان پاموک لای وایە کۆچ هەڵهاتن نییە لە دەست زۆردارەکانی نیشتمان، بگرە ڕێگەیەکیشە بۆ تێگەیشتن بە قـوڵایی ڕۆمـان، هەربـۆ جوانیناسـی ئەم ڕەهەنـدەییەوە کـۆچ و گەڕانـی (کـا) هەم بـۆدۆزینەوەی خودبوونییەتی و هەمیش بۆ نێزیکبوونەوەی ڕۆحیەتی بە ئەدەب و عەشق و بەرائەت. هەرچەندە لە دەستپێکی چیـرۆکەکەدا، تـا نیـوەی یەکەمـی لەزەت (چێـژی دەق) کەمتـر بــوونی هەیە، دەشـێت لەنیــوەی یەکەم بەولاوە قوڵبـــوونەوەی (کـــا) بۆنێــو پرۆســـەی عاشـــقبوون و

شـەیداگەریی بە (ئیپەک) بێت، چێژی چیرۆکەکە زیـاتر دەکـات، هەرغەشـقی ئیپەکیـشە دەبێتەبەربەسـتێک بـۆ کێشە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان و ململانێیە سیاسی و دینییەکان، ئەوە عەشقە وا لە (کا) دەکات زیاتر رەگی خـۆراگری لە رۆحـی ڕۆبچێت و زیـاتر دڵـی بە ژیـانەوە بێـت، هەمـوو ئەوانەی بە رۆح عاشـق دەبـن،حەز دەکەن لە پێنـــاوی عاشـــق بوونییـــان زیـــاتر بـــژین، هەرلەم دیدگایەشـەوە (کا) لەپێنـاوی ئیپەکـی خۆشەویستیدا بێ ئەنـــــــــدازە قوربـــــــــانی دەدات، لەگەڵ تەواوی وردبوونەوەکـانی لەجـوانی و شـەنگی ئیـپەک و شـاری قارســـــی هەژارو وێراندا،حەســـــرەت لەپێنـــــوو س و پەنجەکـــانیەوە فـــیچقە دەکـــات، عەشـــق و شـــیعر و حەسـرەت ئـاوێتەی لێکـدانەوەی فانتازیـاو هەڵچـوونە بەردەوامەکانی نۆسـتالیژیای دەبێت، (کا)ی حەسـرەتبار ی ئیـــپەک وتێنـــووی ســـێکس،لە خەیـــاڵێکی شـــیریندا، خەونێکی تـاڵ دەیباتەوە، جووتبوونی (کا)لەگەڵ ئیپەک ئومێـــدی زیـــاتر بە (کـــا) دەبەخـــشێت، ئەم ئومێـــد بەخـشییەش هەنگاوەکـانی خـوێنەر بە سـەر پلیكانەكـانی بینـای ڕۆمـانەکەدا خێراتـر دەکـات، ئۆرهـا ن پـاموک ئەگەرچـی لەنێـوبەفردا کێـشەکانی ئاڵۆزکـاون، وەلـێ

لەبـارەی خۆشـبەختی (کـا)ی شـاعیرەوە "کەخـۆیەتی" دەڵێت ((شاعیرانی ڕاستەقینە لەژیاندا تەنیا لە ساتەکانی ئیلهـام بۆهاتنـدا دەتـوانن بەخـتەوەربن))، هەروەک ئاماژەمـان بـۆی کـرد لە رۆمـانی بەفـردا خـوێنەر ی هۆشیار هەست بەوە دەکات کە بەفر چەشنی شیعرە و شـیعریش هەروەک بەفـر نەرم و نیـانە، (کـا) خـۆی وشیعر و یادە وەرییەکانی ئیپەک و خەم دەگەڕێتەوە تـاراوگەی فرانکفـۆرت، دوور لە ئیـپەک خەو لە چـاوی عەرام دەبێـت و کۆتـایی چیـرۆکە کە جـوایەز دەکەوێـتەوە"بەپێـی هەنگاونـانی خـوێنەر بە سـەر پلیکانەکـانی بینـای رۆمـانەکە)، تراژیـدیای کۆتـایی چیرۆکەکانی بەفروبێ ئۆقرەیی (کا)و خواردنەوەی مەی تـا ئەو پەڕی مەسـتی و قووتـدانی حەپـی خەو و حەسـرەتی ئیپەکـی خۆشەویـستی،کۆتایی بە چیرۆکـی بەفر و(کا) دەهێنن.

## کولتووری لاسایی و لێکچوونی چیرۆکەکان.

کولتوورلە ڕۆمانی بەفردا بوونی هەیە، کولتوورێکی ناتەندروســت، کە کولتــووری تــورکییە، کەئەوەنــدەی عەودالــی لاســایی کولتــووری ئەوروپــایی لاگەرەکە، مومکین نییە ئەوەندە لە کولتووری خۆیاندا جوانیناسی و جوانکاری تێدا بکەن، دیارە کولتووری لاسایی و ئەدەبی لێکچوو، یان کولتووری تەپیو و ئەدەبی لەو چــوو"دەکرێــت بێــژین ئەدەبــی لێچــوویش" لەنێــوان نەتەوەکاندا بەئاشکرا بوونیان هەیە، بەدرێژایی مێژوو کولتوورەکـــان کاریگەرییـــان بە ســـەریەکترەوە هەبــووەوهەیە، ڕۆمــانی (چــارەنووس)ی نووســەری نــاودار (ڤــۆلتێر) ئەگەرچــی شــاکارێکی مەزنە و ئەســتێرەیەکی پرشــنگدارە بەئاســمانی ئەدەبیــاتی فەرەنسییەوە دەدرەوشێتەوە، وەلێ کاریگەریی تەواوی چیرۆکــی (یوســف و زولەیخــا) ی بەســەرەوەیە، ئەم لێچـــوونەش هەم لە ڕووی چـــاپوکی کـــارەئەکتەرە سەرەکەکیانەوەیە، کە وێڵبوون و ئاوارەیی و بلیمەتی و

قسەنەستەقەکانی هەردوو کارە ئەکتەرە سەرەکییەکان بۆتە خاڵی هاوبەشی لێچوون، واتە(لێچوو) و (لەوچوو) سەودارەرن. دیارە ئەدەبیاتی کوردیش لەمە بەدەرنییە،ئەوەتە (سەفەرنامە)ی (هیوا قادر) کە باڵاترین بەرهەمیەتی لە زۆر لایەنەوە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی ڕۆمانی (بەیادی سۆزانیە غەمبارەکانم)ی ڕۆماننووسی بەناوبانگ (گابرێل گارسیا مارکیز) و ڕۆمانی (نانی رووت) ی (محەمەد شوکری)یە، لە ئەدەبیاتی تەواوی نەتەوە جوایەزەکاندا رووی لێکچواندن هەیە، وەلێ گرینگ ئەوەیە نووسەری جوانبین و جواننووس لەژێر کاریگەریی لێکچواندندا لەو چووە کەی، لە لێچووەکە تێبپەڕێنێت، یخود بتوانێت بەهۆی جوانیناسییەوە بیکاتە بەرهەمێکی نایات و دەقێکی شیاو، سەفەرنامە بۆیە پڕ چێژە، چۆن نووسەر لە ژێرکاریگەریشەوە توانیویەتی خۆیی و یادەوەرییەکانی لە جوانیناسی هەنووکەیدا بدۆزێتەوە. ڕەهەندێکی تری لێکچوون لە ئەدەبدا هەیە،کە ئەویش ئەوەیە: نووسەر بۆچوون و دەستەواژە کۆنەکانی دووبارە بکاتەوە، بەمانایەکی تر هەوری کۆن بە ئاوێکی تازە بشێلێتەوە، کەئەم دیاردەیە لە ئەدەبیاتی کورییدا بە

(خۆجـووینەوە) نـاو زەنـد كـراوە، كە ئەویـش پەتـایەكی تـری لێچوونـدنە، نووسـەری مەزن (ماكـسیم گـۆركی) ئەگەرچیش بەرای زۆرێك لەڕەخنە گران و توێژینەوانی ئەدەبی، بەرهەمەكانی كاریگەرییان بەسەر یەكەوە هەیە، وێنە و رووگەلەكانی نێو چیرۆك و رۆمانەكانی خۆیان دەجـوونەوە ولە بەرهەمە تازەكانیـدا كـاوێژدەكەنەوە، وەلێ چونكە گۆركی وێنەو رووداوگەلە تازەكان لەهی سەرەتاكانی تێدەپەڕێنێت، هەمیشە بەرهەمەكانی جێگای مشت و مڕن، كە دواجار بەنەمریش دەیان هێڵێتەوە.

## ڕەخنەو رۆمانەكانی تری ئۆرهـان پاموك و دەر ئەنجام.

مــــن وەك خوێنەرێـــك، دڵخۆشـــــم بەوەی كەوا وەرگێرێكـی تـری بەتوانـای بـواری ئەدەبیـات، بەكـارە جوانەكانی خۆی خزاندە ناوەندی ئەدەبیاتی كوردییەوە، دیـارە بـۆمن كە هـیچ زمـانێكی تـر نـازانم، كە ئەمەش پەتـــای خـــوێنەر و نووســـەری دوایـــی نەوەتەكـــانە، هەربـۆیەش پرۆسـەی وەرگێرانـدنی سـەركەوتووجێگای

فەخـرە، (بەكـر شـوانی) وەرگێڕێكـی بە سـەلیقە و بە توانـایە، زمـانی بەكوردی كردنەكەشـی جوانە، پێم وایە ئەم وەرگێـــرە لە دا هـــاتوودا دەبێـــتە وەرگێڕێكـــی گەورە،دیـارە ئەمە مانـای ئەوەنیـیە كەوا بەرهەمێكـی كاملە، من پێم وایە لە ژیاندا هیچ شتێک بوونی نییە كە كامـڵ بێـت، بەكـر شـوانی وەرگێـر لە رۆمـانی بەفـردا دەڵێت((سـەیری تەلە فزیـۆنی ڕەش و سـپیی قەد دیوارە كەی دەكـرد، (كـا) ئامـادەبوو جـگە لە چـاوی ئیـپەک، سـەیری هەمـوو شـتێكی تربكات، بۆیە چاوی لە فیلمـی نـاو تەلە فزیـۆن بـڕی،لەو فـیلمەدا، ژنە ئەكتەرێكـی چـاو شـین و قژ زەردی تـورک بەمـایۆوە بەسـەر لمـی كەنـار دەریادا ڕای دەكرد))، ئەگەر لای وەرگێر بڕیاربێت، تەلە فزیۆنەكە ڕەش و سپیی بێت، ناشـێت شـتە نمایشـەكانی سـەر شاشـە ڕەنگـاو ڕەنـگ بن،بەمانـایەكی تـر تەلە فزیـۆنی رەش و سـپیی چـاوی شـین و قـژی زەردی ئەكتەرە ژنەكە بە ڕەنكا و رەنگـی نیشان نـادات، بەڵكو هەربە ڕەش و سپییە. ڕەخنەیەكی ترلە بارەی نووسینی بەفرەوە ئەوەیە ئۆرهان پاموک خـۆیی زۆر جار لە نێو رۆمانەكەدا ئاماژە بە زیاد پێوەنانی چیرۆكەكان دەكات، دیـارە ئۆرهـان بەرلەوەی بیەوێت رەخـنە گـر، رەخـنەی

لەو بــارەیەوە لێبگرێــت، ئامــاژەی بــۆکردووە، کەوا هەستی بەوە کردووە، ئەم ئەزموونەی ژیاد پێوە نانی چیرۆکەکان و درێژە دادرییە لە ئەدەبی کوریشدا هەیە، دەشـێت (بەختیـار عەلـی) دیارترینییـان بێـت، هەربـۆیە رۆمـانی بەفـرلە هەنـدێک شـوێندا خـوێنەر هەسـت بە درێــژە دادڕی دەکــات، هەربــۆیەش ئۆرهــان پــاموک ئامـــــاژەی بە وەداوە کەوا ئەم چیـــــرۆکە بە زیـــــاد پێوەنـانەوە وەهـایە، ئۆرهـان پـاموک لە رۆمـانی (قەلای سپی ) یشدا،لەسەر باڵەکانی فانتازیا وە، جوانیناسی لەو پەری خەیاڵەوە دەنووسێتەوە، ئەگەرچی لەم رۆمـانە دا وردبــوونەوەیەکی زۆر و ســەلیقەیەکی فـرەی گەرەکە، وەلــێ پرچێژتــرین بەرهەمــی خەیــاڵی ئۆرهــانە، ئەم رۆمانەش زیاتر خۆی لە چیرۆکە پۆست مۆدێرنەکانی جیهـانی دەدات، بە شـێوازێکی هێنـدە وەسـتایانە بنیـاتی نـاوە، کە بـاڵا دەسـتی نووسـەر دەسـەلمێنێت، ئەگەرچـی ئەم رۆمانە زیاتر بەدوای پارا دۆکسی نووسراوەتەوە، وەلــێ لە رۆمــانی (مــن نــاو ســوورم) دا ڕەنگەکــانی هەقیقەت خۆیان تۆختر دەنوێنن و تروسکەکان ئومێدی زیاتریيـــان هەیە و کـــارە ئەکـــتەرە ســـەرەکیەکان گەشبینترن.

له رۆمــانی بەفــردا، ئەوەمــان بــۆ راڤە دەبێــت، کە فرەدەنگی و بەیەککەوتنی کولتوورەکان وململانێیە کانی ئاین و دەسەڵات و چەندین رەهەندی تر بوونیان هەیە، خوێنەر کاتێک لە خوێندنەوەی رۆمانی بەفر دەبێتەوە هەست بەوە دەکات، قولتر بۆتەوە لە خۆیدا،رۆچۆتە وردەکاریی و شتەکانی دەورووبەری.

**پەراوێزو سەرچاوە:**

*بەفر-ئۆرهان پاموک-وەرگێڕانی لەتورکییەوە،بەکر شــوانی-لەبــڵاو کراوەکــانی دەزگــای ئــاراس –ژمــارە (٩٠٦)،چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٩.

# خوێنەر وەک بەشێکی پرۆسەی نووسین

ڕەخنەیی ویژەیی ئیشکردنی زمانە لە پایە پڕ ڕەهەندەکانی زمانەوە، قسەیە لەبارەی قسەوە، بەمانایەکی ڕوونتر، ڕەخنەی ویژەیی نووسینە لەبارەی نووسینی کەسێکی ترەوە،وەلێ بەرلەوەی ڕەخنە هەرشتێک بێت، دواجار هەر ڕەخنەیە، دەلوێت ڕەخنەش هاوبەند بێت بەهەڵوێستەکانی مرۆڤبوونەوە، نووسینی ئەدەبی بە تەواوی ڕێگاکانیەوە لەهەڵوێستەکانی مرۆڤبوونەوە هەنگاو هەڵدێنێت، دەشێت ڕەخنەگر لە دەرئەنجامە گشتگیرییەکانی خوێندنەوەی قووڵ و چڕ وپڕ دروست ببێت، وەلێ نالوێت هەموو خوێنەرێک ڕەخنەگر بێت،ئەوە خوێنەری جددی و هۆشیارە دەزانێت چۆنچۆنی بە نێو ئاسمانی فەزاکانی دەقدا سەما بکات، هەربۆیە خوێنەران هەر زوو هەست بەوە دەکەن، کە لەدەبیاتی کوردییدا ڕۆڵگێرانی کەسایەتییەکانی ناو بەرهەمگەلمان زیاتر لەبازنەی

یـاخیگەریی و سـۆزداریی و نـامۆبوونی خـود وچەنـد چەمکێکی تردا دەخولێنەوە.

خوێنەری هۆشیار لەبارەی ئەوشتانەوە قسە دەکات، کە لەبەرهەمەکەدا تیشکییان خراوەتە سـەر، وەک چۆن ڕەخـنە گـر لە پرۆسـەی ڕەخـنە گرتنـدا ناتوانێت زێدە گـۆیی بکـات، جـگە لەوەی لە کرۆکـی دەقەکەدا بـوونی هەیە، مەگەر دەقەکە لە فەزاکانیـدا خـۆی لـێ بێـدەنگ کردبێت، هەربـۆیە نالوێت بـروا بەوە بهێنـین کە شـتێک هەبێت بەنـاوی ڕەخنەیـی زانـستییەوە، تەنـانەت ناشـێت شـتێک هەبێـت بەنـاوی )) ڕەخنەیـی کـۆن(( یـاخود بەناوی))ڕەخنەیی نوێ، ڕەخنەیی جوانبین وتەندروست هەمیـشە بە وزەی مەعریفەتـی خـۆی نوێـدەکاتەوە، کە دواجـار تەنیـا هەر ڕەخنەشـە، ))ڕۆلان بـارت(( لەدیـدی خـۆیەوە بەیـانی ئەوە دەکـات )) ڕەخـنە زانـست نیـیە، بەڵکـو سـەر و کـاری لە گەڵ واتاکانـدا هەیە و زانـستی واتاکـان پێـک دێنێت، زانستی ڕەخنە، یـاخود ڕەخنەیـی زانــستی شــتێک نیــیە وەک زانــستێکی تەندروســت لەناوەنەکـانی فێرکـارییەوە بـدرێتەوە، ئەوەی کە هەیە تەنیا بیـر و بـاوەڕی گەورە ئەدیبەکانە بۆتە سـەرچاوە، کە دواجـار ڕێبازەکـانی ئەدەبیاتیـشیان لـێ دێتە بـوون،

ئــاخر چــونکە ڕێبازەکــانیش زادەی بیــر و بــاوەڕن، جیـاوازن، ئەوەتە ))ئەرسـتۆ(( لەبەر ئەوە بە مەزنتـرین ڕەخنە گری سەردەمی خۆی دادەنرێت، چونکە ڕێبازی ئەرستۆتالیسی هێنایە بوون و ئەم ڕێبازەی چەسپاندوو سەقامگیریی کرد، بۆیە پێم وایە سەرکەوتنی قۆناغێک بە سەر قۆناغێکی تر کارێکی سەختە، لە دیدگایەشەوە ڕێبازە ئەدەبییەکانیش ئەرکییان زەحمەتتر دەبێت، ئەگە ردەقی شیعریی و شاعیربوون وەک نموونە وەربگرین، ئەوا شـاعیری نوێخـواز لەئەرکێکـی زەحمەتـدایە بـۆ سـبەی، لەڕووی هەڵزنـان بە فانتازیـای وشـەکان و ڕۆنانـدنی بنیاتنـانی شـیعرییەتدا، کەوابێـت ئەرکـی خـوێنەری جددیـشمان هەمیـشە لە زەحمەتبـوون دایە، شاعیر کاتێک دەنووسێت، نازانێت لە کام لە فەزاکانیدا خـوێنەر پـڕ چـێش دەکـات، شـاعیری جاویـدانیبوون و نوێخـواز چـاوەڕێی ئەوە ناکـات، کە ئەو پەی پێبـردووە، تەنـانەت چـاوەڕێی خـوێنەری وەهاشـی نەکـردووە، خـوێنەری جـددی و راسـتەقینە عەشـقی راسـتە قینـەی کتێـــبە، ئەم پەیوەنـــدی و حەز لێکـــردنەش لە دەرئەجامەکانـدا جـوایەزی خوێنەرەکانیـشی لـێ بەرهەم

دێت، که بێشک ئەم پەیوەندی و حەزلێکردنە بەندە بە چێژی ناوەوەی دەقە کەوە.

شـــاعیران و نووســـەرانی بەر لە ئەمـــرۆ لە رووی هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان وئەرکی شیعرییەت ئەرکییان قورســـتربووە، وەلـــێ ئەمـــرۆ لەڕووی تەکنیـــک و تـازەگەرییەوە لە ئەرکێکی قورسـدانە، دەشـێت وەهـاش سـەیری خوێنەربکرێـت، کە ئەویـش هاوبەنـدە لە تەواو کردنی ئەم پرۆسـەیە، وەلێ نابێت ئاماژە بەوە نەکەین کە جۆرێـک لە نووسـیندا هەیە، بەتەمـو مـژ ونـاروونی دەق و شتی لەم چەشنە لە ئەدەبیاتی کوردییدا ناوزەند کراوە))ئێمە بۆئەوەی دوور نەکەوینەوە، شیعرمان وەک نمـوونە وەرگرتبـوو، کە شـیعریش قـسەیە، قـسەیەکی هونەری کوتکراوو چۆشدراو، دەکرا هەر هەمان قسە، قسەیەکی ڕووت بایە و هیچ هونەرێکی شیعرییەتی تێدا نەبایە((، زۆرێک بۆ داپۆشینی بینای شیعرییەتییان، پەنا بۆ وشەی قەبە و بە تەمو مژکردنی ماناکان و بەرەڵایی سێکسی دەبەن، لێرەدا هەموو خوێنەرێک ناتوانێت بەو ئەرکەی خـۆی هەڵبستێت، دەشـێت هەسـت بەو جـۆرە فێـڵ کردنـانە بکـات، وەلـێ ناشـێت ئەمەش هەمـوو خوێنەرێـک بگـرێتەوە،))مـاالارمێ(( هەڵوێـستەکانی

شاعیربوون و ئیشکردنی لەپرۆسەی شیعر و کایەکانی نووسیندا وەها ڕاڤە کردووە )) ئەدەب، کارێکی سیحر بازانەیە ((، ئاخۆ مالارمێ مەبەستی لە سیحر بازانە ئەوەیە کە شاعیر بەسیحری فێڵکردن، خوێنەر بەهەڵە دا ببات و چەواشەی بکات، یاخود سیحر لای مالارمێ ئەو یەڕی جوانی و هەست کردنە بەو پەڕی خەیاڵ، ئاخر ناشێت لەم دیدگایەوە خوێنەری جددی بە دەست بهێنرێت و بەرهەمێکی ناوازەش بەرهەمبهێنرێت، ئەو خوێنەرەی کە هەشە جگە لە چەند دەروێشێکی خەیاڵ بەستوو هیچیتر نییە، ))پۆل ڤالێری ))بەبێ ئەوەی سەر لە خوی و خوێنەری بشێوێنێت و هەر ساتەو لە ژێر سێبەری شاعیرێکی تردابێت، توانی شیعریی فەرەنسی بگەیەنێتە ئەو پەڕی ئاسۆ گەشە کانی داهێنان، تەنانەت ڤالێری لەساڵی (١٨٩٦) دا لە پرۆسەی نووسین دە وەستێت و هیچ شیعرێک بڵاو ناکاتەوە، لەپڕ لە ساڵی (١٩١٧) دا چامە شیعریی (خوا ژنی قەدەر) بڵاو دەکاتەوە، کە چوار ساڵ و نیو خەریکی نووسینی ئەم چامە شیعرەیە دەبێت، شاعیرانی ئێمە دەبێت هەموو ساڵیک بەرهەمێک بخەنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، بەبێ ئەوەی جارێک لە خۆیان بپرسن، بۆچی ؟))

پەشێو(( بۆیە تائێستایش بەجوانی خۆیەوە ماوەتەوە، چونکە بێدەنگی هەڵبژاردووە و نەیویستووە هەمووساڵیک خۆی لە دەقە کانیدا دووبارە بکاتەوە))شێرکۆ بێکەس لە دوا دیوانیدا))هەست و نەست (( کە گریمانەی ئەم ئیشکالیەتەیە، خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە وێنە و ڕووداو گەل و پەیوەندی سروشت بەسەر مرۆڤەوە تا چەند خۆیان دووبارە کردۆتەوە، تەنانەت لە رووی تەکنیکەوەش، چەقبەستووی لە فەزاکانیدا، هیچ جیاوازییەکی وەها نابینرێت لە گەل هەریەک لە بەرهەمەکانی )) حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین((، ئەم پەتا کوشندەیەی داهێنان بە ئەزموونی زۆرێک لە شاعیراندا بەدی دەکرێت، ئاخر ئیشکردن لە سەر فەزاگەلێک و رووداو گەلێک و وێنە گەلێک بە تەکنیکێکی چەقبەستووی و دووبارە، دواجار خوێنەرە تایبەتمەندەکانیش بێزار دەکات، کە ئەمە تەمبەڵی بیرکردنەوە و قوربانی نەدانی زیاتری شاعیر و زۆر لە خۆکردن بۆ پرۆسەی نووسین،کە بەرهەمگەلی هەژاری وەهای لێدەکەوێتەوە، لێرەشەوە خوێنەری هۆشیار زوو هەست بەو حاڵە تانە دەکات، خۆ ئەگەر دیوانە شیعریی(( لەتیف هەڵمەت))یش

بخەینە بەر ڕۆشنایی ئەم بۆ چوونگەلە، هەست بەوە دەکەین کە لە ئەزموونی شیعرییەتی لە تیف هەڵمەتدا، جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆی کرد، پەلە کردنیش بە ئەزموونە شیعرییەکانیەوە دیارە.

# ئەگەر قسە زیوبێت، بێدەنگی زێڕە

ئەگەرچی دەقی شانۆیی لای ئێمەی میللەتی کورد وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوە و لەهەمان کاتیشدا شانۆنووسی بەتواناو بەسەلیقەشمان کەمە، دنیای شانۆ، دنیایەکی هەستیارە و زۆرجار تەواوی بابەتەکانی سیاسی و کولتوور و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

شانۆنامەی (هەرەسی بەفر)ی نووسەری تورکی تونجە رجویجە نئۆغڵو کە شانۆنامەیەکی پڕلە ترسە، ترس لە سروست، ترس لە بەفر، ترس لە داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، چۆن بەبارینی بەفرێکی زۆر و کەڵکەڵەبوونی بەسەریەکەوە زۆرجار هەرەس بەبەفرەکە دەهێنێت و دادەرمێت، واتە بەفرەکە رەنوودەکات و وەک کارەساتێکی سروشتی هەرەشە دەکات. لەم شانۆنامەیەدا گوندێکی خامۆشی بەشاخ دەورەدراوی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەیە و بەهۆی بەفر بارینەوە خەڵکی ئەو گوندە لەماوەی ساڵێکدا نۆ مانگ

خـامۆش وگۆشـەگیردەبن و نـاتوانن هـاواربکەن، تەقە بکەن، بەدەنگی بەرز و بەو پەری ئـازادانە قسە بکەن، ژنە گەنـجە کـان منـداڵیان ببێـت، هەڵـبەت لە ترسـی هەرەسی بەفرەوە، واتە تەنیا دەتوانن لە سێ مـانگی داهـاتوودا ژن بهێنن و زەماوەند بکەن و هـاواربکەن و ژنەگەنجەکان منداڵیا ببێت و تەقە بکەن و هـاواربکەن. نووسـەری شـانۆنامەکە سـێ نەوەی لە ماڵێکـدا کۆکردۆتەوە، واتە (پیرە مێرد و پیرە ژن، پیاو و ژن، پیـاوی گەنـج و ژنـی گەنـج )، شـوێنی نمایـشبوونی شـانۆنامەکە نـاوەوەی مـاڵێکی یەک نهۆمی لە گوندێکی بەشـاخ دەورە دراو و بە بەفر داپۆشـراو، لەلای چەپـی ژوورەکەوە ژوورێکی تر هەیە، لەناوەراستیشدا هۆڵێکی گەورە، لەلای راستیـشەوە دەرگـایەک هەیە بەسـەر ژوورەکـانی تـر دەروانێـت، دەرگـای دەرەوەش لەناوەراسـتی خـانووەکەوە هەڵکەوتـووە، لەدەرەوەی خانووەکەش ئاو دەستێک هەیە

بەدرێژایی شـانۆنامەکە ترسێک هەیە و بـاڵی بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە داکێشاوە، چـونکە هەڵبرینـی دەنـگ وهەر جـۆرە دەنگێکـی بەرز ئەگەری لەنـاو چـوونی هەموویـان دەدات ومەترسـی خـستنە سـەر مەرگـی

هەموویــانە، لێـرەدا دەشــێت شــانۆنامەکە ســیمایەکی سیاسـی و کولتووریـشی لە پـشتدا بێت، لەو دیـدگایەوە سەیری گەلانی ژێر دەستە و مـافخوراو بکەیـن، بەهـۆی سیاســـەتی چەپـی زۆرداری و ســەرکوتکردنی گەلانــی ژێردەسـتە (دەشـێت ئەم گەلەش کوردبێـت )، هەربـۆیە نووســـەری شــانۆنامەکە دان بەوە دادەنێــت و دەڵێــت ((هەرەسـی بەفر بەتەنیا ڕووداوێکی سروشـتی نییە )). ئەگەر لە ڕووی کولتـــــووری و فەرهەنگیـــــشەوە لە هەرەســی بەفـر بـروانین هەمــان ڕوانــین خــۆی ڕاڤە دەکـات، ئەمەش بە ڕوونـی بەسـەر کەسـایەتییەکانی نـاو شانۆنامەکەوە دیارە، کەسایەتی پیرە مێرد زۆر جیـاواز کەوتــۆتەوە و هەمیــشە دەڵێــت (( تــرس لە ناومـــان دەبات))، وەلێ پیرە مێرد هەمیشە بەدەم قسە کردنەوە داوای حەق دەکـات و ئەو بێـدەنگ نابێت، بەتـایبەت ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنی پیرانـی گونـد دێنە ماڵەکەیـانەوە، مـن پـێم وایە کەسـایەتی پیرەمێـرد چێـژی زیـاتری بە شـــانۆنامەکە بەخـــشیوەوە دەشـــیت نووســـەریش ئەم کەسـایەتییەی بـۆ ڕەچـاو کردنـی ( هـونەری چێـژ ) بە کارهێنابێت، کە زۆر جار دەچێتە خانەی بەزمەستانەوە. خـوێنەر زوو هەسـت بەوە دەکـات کە پیـرە مێرد لەپاڵ

داب و نەریتەکانەوە ریچکهکان دەشکێنێت و بەردەوام قسەی خۆی دەکات، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردن و پرسیارە ئە و شتانەی کەوا لە ژوورەکەدا بوونیان هەیە وەک ( سۆپایەک، برێک پارچە دارو تەختە، دەهۆڵ، کتری بەسەر سۆپاکەوە، چەکۆش، تفەنگ، تەپڵە جگەرە ) ئەوانە هەست دەکەی تەنیا بوونیان هەیە و بەس، واتە هیچ ئەرکێکیان لە شانۆنامەکەدا نەبینیوەو هیچ جوڵەیەکی هونەری و تەکنیکێکیان نییە. تەنیا تفەنگەکە نەبێت کە دواجار بوونی خۆی دەسەلمێنێت، ئەگەرچی تفەنگەکە هەتا کۆتایی شانۆیەکە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو.بربرەی پشتی شانۆنامەکەو کۆڵەکەی ژوورەکان ترسانە لەبەردەم داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم خووەی داب و نەریتە پەریوەتە نێو دوعاکانیشایەوە کاتێک دوعا دەکەن و دەڵێن ((خوا کورێکی خرپن و چاو گەشت بداتێ، یاخوا دەست بۆ هەر شتێک ببەی ببێت بە زێر.))

کێشەکانی شانۆ نامەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە ژنی گەنج ژانی منداڵبوون دەگرێت ومامان و پاسەوانەکان دێن بۆماڵیان، دوایی دڵنیا بوونی مامان لە ژانی منداڵبوونی ژنە گەنجەکە ئەنجوومەنی پیرانی

گوند دێنن و بریاری بە زیندووی لە گۆرنانی ژنی گەنج دەردەکەن، دیارە وەک نەریتیکی ئەو گوندە وەهایە کە بەر لە توانەوەی بەفری ترسانی لە هەرەسی بەفر ژن منداڵی ببێت لە زیندووی لە گۆری دەنێن (لێرەشدا سیاسەتی سەرکوتکردن و زیندە بە چاڵکردنی ئەرمەنیەکان و کوردەکان بە دەستی تورکەکانمان دێتەوە بیر)، لەم گوندەدا تا پربوونی حەوزی ئاو هیچ ژنێک نابێت منداڵ ببێت، ئەو کاتەی حەوزی ئاویش پربوو ئاساییە دەنگیان هەڵبرن و پیاوەکان تەقە بکەن و ژنەکان منداڵیان ببێت.

پیاوی گەنج لەتاوی ژنەکەی ( ژنی گەنج ) و عەشقەکەی و لە دەست دانی منداڵەکەیەوە دەست دەداتە تفەنگەکەو هەرەشەی تەقە کردن لە بریارەکەی ئەنجوومەنی پیرانی گوند دەکات، کە تەقە کرد بە واتای لە ناو چوونی هەموویان و نغرۆبوونی گوندەکە دێت. لە و کاتەدا هێدی هێدی حەوزی ئاوەکە پر دەبێت تا ئەو کاتەی لە دەرەوە دەنگی تەقەی خۆشی و نەمانی ترس لە هەرەسهێنانی هەرەسی بەفر دێت. ئەوی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە لەم شانۆنامەیەدا ئەگەرچی رێسا و یاسا و داب و نەریتەکۆمەڵایەتییەکان

دەشکێنرێن و سنوورەکانیان دەبەزێنرێن، وەلێ هەمیشە لەم شانۆیەدا هەست بەوە دەکەین کە کێشەکان بەرەو چارە سەرکردن دەڕۆن، نەک کێشەکان ئاڵۆزکاوتربن و لە پرسیارو بەدگومانی بمێننەوە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

*سەر دێرەکە لە وتوێژی ناو ئەکتەرەکانەوە وەرگیراوە.

*هەرەسی بەفر- شانۆ نامە، نووسینی تونجەر جویجە نئۆغلۆ، وەرگێڕانی لە تورکییەوە : بەکر شوانی / لەبڵاو کراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە ٩٥٥ چاپی یەکەم ٢٠١٠ هەولێر.

# دەشێت فۆرمی نوێی داستان، ڕۆمان بێت

ســـــەرەتا رۆمـــــان لەچەمکەکـــــانی تـــــری ئەدەبەوە سەرچاوەی گرتووە، هەمووشیان لەئەدەبیاتی داستانە کۆنەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەواتایەکی ئاسانتر، داســـتانەکان ســـەرەتای ئەدەبیـــاتن، هەم وەکوداســـتانە تۆمارکراوەکان و هەمیش وەک داستانە بڵاو کراوەکانی وەک (کۆمیـــدیای خـــودایی ) و( ئەلیـــادە) و (فەتحـــی قودس) و ( ئەلسەید) ە، دەشێت ئاماژە بەوە بدەین کە ڕونگـــــدانەوەی باگراونـــــدە کـــــلا ســـــیزمییەکان و کلاســـیکییەکان ئەدەبیـــاتی داســـتانی لـــێ کەوتبێـــتەوە، هەنووکەش ڕۆمان، لە رووی وێناندنی رووداوگەلەکاندا جـــوایەزی بـــوونی هەیە، چـــۆن رۆمـــان رووبەرووی وێنەگەلـــی نوێمـــان دەکـــاتەوە، وەلـــێ داســـتان زیـــاتر لەوێنەگەلی کۆندا دەخولێتەوە، دەلوێت ئەم گریمانە بۆ تەواوی جوایەزبـــوونی رۆمـــان لە داســـتاندا، یـــاخود داستان لە رۆماندا وەربگرین.

له دەستپێکی سەدە کۆنەکاندا ڕۆمان جۆرێک نەبووە له ئەدەب، وەلـــێ داســـتان هەرلە ســـەرەتاوە تەواو پرۆسەیەکی ئەدەبی بووە، واتە داستا ن ئەدەبێکی کۆن و کلاســیکی بــووە، بەڵــگەش بــۆئەمە، له ئەدەبیــاتی داستاندا شانۆ و شیعر و تێکست و پەخشان و قسەی نەستەق و چیرۆک و وتە و فۆلکلۆر و.. هتد، بوونیان هەبووە و دواتر چوونەتە پرۆسەی بە قالببوون و بە کولتووورکردن له ئەدەبیاتدا،لێرەدا ناشێت باز بەسەر ڕۆڵی کەسایەتییەکانی نێوان داستان و ڕۆماندا بدەین، کە داستان کەسایەتییەکانی ناوی جێگیرن و خاوەن کەســـــایەتییەکی پـــــایەدار و شـــــیاوبووە، بەبەردەوامبوونیـــشەوە هەروا مـــاوەتەوە بەدرێژایـــی مێـــژووی ئەدەبیـــاتی داســـتانەوە، وەلـــێ ڕۆمـــان کەسایەتییەکانی ناجێگیرن و ڕۆڵی کەسایەتی لە ناو ڕۆماندا فرە لایەنن و هەمیشە ئاڵوو گۆڕی پێدەکرێت، بۆئەوەی هەمبانەی قسەکانمان پڕبێت لە جوانیناسی لەم نێوەندەدا، زۆر جار خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبـــووە، چیرۆکێـــک له م نێوەنـــدەدا هەبـــووە کە لە ئەدەبیـــــــاتی زووەوە لە ئەم دەم بـــــــۆ ئەم دەم گواستراوەتەوە، کەواتە لە تەواوی شێکارییەکانماندا و

بەراوردەكارییەكان لە مێژووی نێوان داستان و ڕۆماندا ئەوەمان بۆ ڕاڤە دەبێت، كەوا فۆرمی نوێی داستانە كۆنەكان،ڕۆمانەكانن، یاخود لە دەر ئەنجامی خۆنوێكردنەوەی داستاندا ڕۆمان سەری هەڵدابێت.

جۆرەكانی ئەدەبیات هەرچەند زۆر و جوایەزبن، لە ئەزەلدا جۆرە یێک لە یەكبوون لێكییان كۆدەكاتەوە، زۆر جار ئەمە لە دوامـاهی بەریەككەوتنیـشیاندا شـتێک تەواوی ڕەنـگە ڕژاوەكـان تـێكەڵ دەكـات، كە ئەدەبە، ئەدەبیش لە دیدگایەكەوە هەڵوێستە بەرامبەر تەواوی شـتەكانی دەورووبەرمـان، هەڵوێستەكانیش ڕێـگەی جوایەزییـان گەرەكبـووە، شـتێک نییە لە ئەزەلییەتـی نووسـیندا پرۆسـەیەكی دابـراو و لەت لەت بێـت، بەمانـایەكی ئاسـانتر، لە هەقیقەتـی ئەدەبیاتـدا شـتێک بەدەرنییە لە ئەدەب، هەموویـان لە ئەدەبەوە سـەرچاوە دەگـرن، دواتـرهەریەک بە جـۆرێ ڕێچكەیـی خـۆی وەردەگرێت، ئەدەبیاتیش بەدرێژایی مێژووی مرۆبوون و بە كولتووربـوون لەدیدگایەكی ئەكتیڤەوە هەڵوێست بـووە، بـۆیە نووسـەر ئەگەر هەڵوێـستی نەبـوو نووسـینەكانی بە مـردووی لە دایـک دەبـن، ئەوە نووسەری جوانبینە ڕێگەو ستایلی نووسینەكان ئاڵوگۆڕ

پێـدەکات، بە هۆکـارگەلی هەڵوێـستەکانەوە، واتە ئـێمە دەتـوانین فرینـی پەپـوولەیەک بەسـەر گـوڵێکەوە، یـان هەڵزنـانی مێـرووولەیەک بەسـەر دیـوارێکەوە، هەم لە تـابلۆی ڕۆمانـدا، هەمـیش لە تـابلۆی داسـتاندا وێنـا بکەین،وەلـێ هەریەکەو لە بەرگ و سـتایل و شـێوازی خۆیدا، ئەو پرسیارگەلانە لێرەدا لێمان قووت دەبنەوە،کە ئایـا لە فـۆرمی نـوێی داسـتاندا شـتێک هەیە بەنـاوی ڕۆمـانی هـاو چەرخەوە؟، رۆمـانی هـاو چەرخ چـۆن سـەری هەڵـدا ؟، ئەو کاریگەرییـانە کامـانەبوون کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کارییان کردە سەر نووسینی رۆمـان ؟، دەشـێت هەمـوو پرسـیارەکان لەم تەفـسیرە کورتەدا راڤە بکەین، کە هەرچەندە قسەکردن لە بارەی تەوەرێکی وەها دا پێویستی بە قسەکردن و راگەکردنی زیاتر هەیە، وەلێ ئەوە تەنیا باسێکی کورتکراوەی ئەم تەوەرەیە و دەستنیشانکردنی پرسە گرینگەکانی نێوان ئەدەبیاتی داستان و ئەدەبیاتی رۆمانە.

# نامەیەک بۆ وەرگێڕی ڕۆمانی (کەس نامە بۆ سەرهەنگ نانووسێ)ی گابرێل گارسیا مارکیز

**لەدەستپێکدا**

گەورەترین پیاوی کۆلۆمبیا و مەزنترین پیاوی ساڵی ١٩٩٩ی ئەمریکای لاتینی، گەورە نووسەری جیهانی (گابرێل گارسیا مارکیز) ە، ئەم ڕۆماننووسە بەهۆی تایبەتمەندییەتی لەنووسینی ڕۆمانەکانیدا و جوانیناسی لە دەربڕیندا و تەکنیکی ورد لەڕووداوەکان و پێکدادانی فرەدەنگی توانی لەساڵی ١٩٨٢ دا خەڵاتی نۆبڵی گەورەی ئەدەبی بەدەست بهێنێت. ئەم کەڵە نووسەرە بەهۆی هەڵوێستە جوانەکانی مرۆڤدۆستی و جواننووسی ڕۆمانەکانی لەساڵی ٢٠٠٠ دا خەڵکی وڵاتی کۆلۆمبیا بەنووسینی چەندین تۆمار و نووسراوی جیاواز، پێشنیاری بوون بە سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیایان لە نووسەری ناوبراو کرد، کە دواجار

ڕەتـی کـردەوە. نووسـەری جواننـووس و ڕاسـتەقینە چاوپۆشـی لەهـیچ شـتێ ناکـات لە پێنـاو بەرژەوەندییەکانی، بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەی لە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆی دادەنێت و هەمیشە هەوڵی بۆ دەدات، ئاخر ئەگەر نووسەر هەڵوێستی نەبوو، نالوێت جـوانیش بنووسـێت، جواننووسـی لە هەنـاوی هەڵوێستەکانی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر بۆیە پرۆسەی وەرگێڕان لەنێوان نووسەرێکی لێوانلێو لە هەڵوێست و نووسەرێکی بێ هەڵوێست جیاوازی هەیە، دەشـێ ئەم پرۆسـەیە بەلای نووسـەری بە هەڵوێست سەختتر بێت، پرۆسەی وەرگێڕان کەپردی پەیوەنـدییە کولتـوور و مەعـریفە و ڕۆشـنبیرییەکانی نێوان دوو نەتەوەی جیاوازە، ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە وەرگێڕانێکـی تەندروسـت، هەرچەنـد پرۆسـەی تەندروستتر بێت ئەوەندە پەیوەندییەکانی کولتوور و مەعـریفە و رۆشـنبیرییەت بەهێزتـر دەبێـت، لە نـاو پرۆسەی وەرگێڕانەکەدا. وەرگێڕ دەبێت هێندە هەستیار بێت لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، چەشنی ساسکێکی ترساو و ترووک، دوو بەقەد ئەوەش بە سەلیقە بێت. بە شێکی زۆرلە وەرگێڕگەلی ئێمە لە زمانی فارسییەوەیە، کەوا

مـومکینه له زمـانی دووم و سـێیەمەوەیە، وەرگێـڕی ڕۆمـانی (کەس نـامە بـۆ سـەرهەنگ نانووسـێ)ی ڕۆمانووس گابریێل گارسیا مارکیز که وەرگێڕ (چینی بەرزگەر)ە، کە ئەمە یەکەمـین کـاری وەرگێڕانیەتـی ((بەشـێوەی کتێب)) له زمانی فارسییەوە بۆ کوردی، وەک خۆشـی ئاماژە بەوە دەکات، کەوا کارەکەی بێ کەم و کـوری نیـیە. دیـارە هـیچ شـتێکیش له ژیانـدا بەتەواوەتـی کامـڵ نیـیە. دەشـێ ئەم کامـڵ نەبـوونە و بۆشاییانە تەنیا بەرەخنە پڕ بکرێنەوە.

## ناوەڕۆک

وەرگێـڕ چینـی بەرزگەر وەک خـۆی ئامـاژەی بـۆی کـردووە و دەزانێـت وەرگێڕانـی رۆمـانی نووسـەرێکی وەک گابریێـل گارسـیا مـارکیز پرۆسـەیەکی یەکجـار قورسە، بەتايبەت ئەگەر لە زمانی دووم و سێیەمیشەوە بێت. چـۆن بەشـێک لە گرفتـی وەرگێڕانـی ئـێمە ئەوەیە کەوا ئەم پرۆسەیە لە زمانی یەکەمەوە ئەنجام نادەن و بە کۆمەڵیش ئەم پرۆسەیە نەبۆتە کولتووری وەرگێران. ئاخر وەرگێڕان لە زمانی دووم و سێیەمەوە ئەو جۆرە

لەزەت و چێژەی نووسین بە خوێنەر نابەخشێت، کە لە زمـــــانی یەکەمەوە پێـــــت دەبەخـــــشێت. ئەم دۆزە لە درێژبوونەوەی ئەو لێشاوە وەرگێڕانانەوەیە، کە وا لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا بە شـێوەیەکی زەق و بەر چـاو دەبیندرێت، کە کتێبگەلی بێ ژمـار وەردەگێڕدرێنە سـەر زمانی کوردی، کە بەشێکی زۆری ئەم وەرگێڕانانەش لە زمـانی دووەم و سـێیەمەوەیە. لێـرەوە دروسـتە ئامـاژە بەوە بـدەین کە میـژووی ئەدەبیـاتی کـوردی لە ژێـر کـاریگەریی هەردوو ئەدەبیـاتی عەرەبـی و ئەدەبیـاتی فارسییەوەیە .

دەشێ وەرگێڕهێندە بە سەلیقە و وردبین بێت، ئەگەر پرۆسـەی وەرگێـڕانەکەی لە زمـانی دووەمەیشەوە بیت خـوێنەر هەسـت بەوە بکـات، کە لە زمـانی یەکەمەوەیە. کاتێـــک وەرگێـــڕ(ئـــازاد بەرزنجـــی)، کە لە زمـــانی دوومیشەوە وەردەگێڕێتە سـەر زمـانی کوردی خـوێنەر هەسـت بەوەناکـات لە زمـانی دووەمەوەیە. لە پرۆسـەی وەرگێڕان چەمکی تـایبەت و شـێوەزاری نـاو چەگەریـی، وەرگێـڕانەکە بەرەوە هەڵـدێرانی ناتەندروسـت دەبـات. وەرگێڕ دەبێت بەزمانێک وەربگێڕێ کە بەشێکی زۆری ئەدەبیـات و نووسـینی کـوردی پـێ نووسـراوەتەوە،

مــومکین نیــیه وشـــه و چەمــکه تایبەتمەنــدییەکان و شــێوەزارە نــاوچە گەرییەکــان بــکەونە نــاو پرۆســەی وەرگێڕانەوە، وەرگێڕان زمانێکی پاراو جوانی گەرەکە. رۆمانی (کەس نامە بۆ سـەرهەنگ نانووسـێ) یەکێک لە گـرفتە گەورەکەی ئەوەیە هنـدێک وشــە و دەسـتە واژە بەکـــارهێنراون، کە مــۆرکی نـــاوچەگەرین، کە ئەمەش ناشـــێ لەپرۆســـەی وەرگێڕانــدا بــسەپێندرێت بەســـەر خــوێنەرەوە. پێــشگری ((وە)) کە زیــاتر لە ناوچەکــانی کوردستانی رۆژهەلاتدا بەکار دێت بۆدڵنیا کردنەوەی وشــەکە. وەلــێ بەدرێژایــی رۆمــانەکە بە کــارهێنراوە، هەروەها کوردانی کوردستانی رۆژهەلات لەبڕی وشەی ((گوتوومە))، وشەی ((کوتوومە)) بەکار دەهێنن، ئەمەش لە وەرگێــڕانەکەدا گرفتێکــی تــرە، لە گەڵ هەریەک لە وشەکانی (( دوکتور، هاسان، موزاحیم،...هتد)).

ئەو رســـتە و دەســـتە واژانەی کە لە رووی ڕۆنــانی وشـــەکانەوە نـــاڕێکن و لە رووی دەربڕینـــشدا هەڵەن، وەک ((ئەو پیــاوانەی جلــی ســپی و کرواتــی ڕەشــیان بەسـتبوو.لا٢٨))، جـل نابەسـترێت بەڵکـو دەپۆشـرێت و لەبەردەکرێت. (( بینی ساردی دەخواتەوە و پیاڵەکەی بە دەستی چەپی گرتووە. لا٤٨))، لێرەدا مەبەستی وەرگێڕ

له وشـەی (( ساردی )) بیبسی و جۆرەکانیەتی، بۆیە ناشـێت ساردی ( بیبسی ) لە پیالەدا بخـورێتەوە، لە کاتێکدا بەرداخ بوونی هەبێت. ((دوکتور ئەگەر لەبات تۆ دەبـووم. لا٩١)). مەبەسـتی وەرگێـڕ ئەوەیە ((دوکتـۆر ئەگەر لە جیـاتی تـۆ دەبـووم )). هەروەهـا (( کـارێکی هەردەکەم ! لا١١٢ )، ئـامرازی (ی) زیـادەیە. وشـەی ((برسـایەتی لا٥٧))، تەواو وشـەیەکی نـاو چەگەریـیە. وشـەی (( برسـییەتی )) تەندروسـترە. وشـەی ((جەحەننەم لا٨٤))یش، (( جەهەننەم ))ە. وشـەی ((نیە)) لەرووی رێنووسـی یەکگرتـووی کـوردییەوە هەڵەیە و دروستییەکەی ((نییە)) ە.

## بنیاتنانی ڕۆمانەکە و چەند وشەیەک بۆدەرئەنجام

بنیاتنـانی ڕۆمانەکـانی ڕۆماننووسـی نـاودار گابرێـل گارسـیا مـارکیز لەنـاو فرەدەنگـی سـەرچاوە دەگـرن و دواجـار هەردەنگـی نووسـەر دەمێنێـتەوە. ئەم ڕۆماننووسە هێندە بە سـەلیقە و زەوقەوە مـامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکـان و بەیەکـدادانی دەنگەکـان و کـۆدە

تایبەتییەکـــانی و تەکنـــیکە تیژبینییەکـــانی دەکـــات. کە خـــوێنەر تووشـــی وەهمێـــک دەکـــات و دەیخـــاتە ســـەر ڕێگایەکی نامۆ، کە خوێنەر حەز دەکات زووتر ڕێگەکە ببڕێـت و تەواوی بکـات. کەم ڕۆمـاننووس هەیە وەهـا بنووسێت، رۆمانی (کەس نامە بۆ سەر هەنگ نانووسێ) یەکـــــێکە لە و رۆمانـــــانەی کەوا ئەوە بە خـــــوێنەر دەبەخشێت، کە مرۆڤ لە پێناوی بەدیهێنانی خەونەکانی چۆک دانەنێت و هەمیشە بە ئومێدەوە بڕوانێت. ئەگەر تروسـکەی ئومێـدیش بەدی نەکـات. ئـاخر گەورەتـرین کارەسـات ئەوەیە مـرۆڤ دەسـت لە ئومێـد و هیواکـانی هەڵبگرێت، مرۆڤی بێ هیـوا و خەون وەک بێستانی بێ بەر وایە. لەم رۆمـانەدا ئەگەرچـی زمـانی وەرگێـڕانەکە زیـــاتر زمـــانی نـــاوچە گەریـــیە و هەڵەی دەربـــڕین و رۆنانـدنی وشـــە و هەڵەی رێنووســی تێـدا هەیە. وەلـێ ژیان لەم رۆمانەدا لە نێوان جەنگی برسییەتی و حەز و خولیـــا دایە. ســـەرهەنگ هەمیـــشە لە پێنـــاوی حەز و ئارەزووەکانی هەوڵدەدات و خەونیان پێوە دەبینێت، کە وا کەڵە شێرەکەیەتی. ئارەزووی مرۆڤ بۆ کەڵە شـێر و خەون بینین بەبردنەوەی لە پێشبرکێدا، خەونی گەورەی ســـــەرهەنگە. لە و دەلاقەوە دەڕوانیـــــتە ئاینـــــدە و

خەونەکانی، وەلێ خەمی سەختی برسییەتی و نەخۆشی خێزانەکەی و بۆڵە بۆڵکردنی لەسەر فرۆشتنی کەڵە شێرەکە، ململانێکردنە لە گەڵ حەز و خەونەکانی سەرهەنگ. فرۆشتنی حەز و خەونەکان (کەکەڵە شێرەکەیە) لەبرسان و لەبەر بێ پارەیی بینای رۆمانەکەی پتەوتر کردووە و بەرەو ئاقاریکی نۆستالیژیا ئامێزی بردووە، کە هەر ئەمەشە بەدرێژایی رۆمانەکە بۆتە خاڵی چێژبەخش بۆ خوێنەر. ئەگەرچی ئەم رۆمانە لەرووی بنیاتنانەوە ناگاتە هەریەک لە رۆمانەکانی (سەد ساڵ تەنیایی ) و (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرا )، وەلێ ئەمە لە گەوهەری ئەم رۆمانە کەم ناکاتەوە (دەشێت هەر لەدیدی منیشەوە وەها بێت ).ئەگەرچی لە هونەری چێژبەخشیش هێنراوەتە خوارەوە، وەلێ چێژ هەربوونی هەیە. ئەگەرچی هیچ رۆمانێکی گابریێل گارسیا مارکیز سەری چێژییان ناگاتە هەوری چێژی رۆمانی (بەیادی سۆزانیە غەمبارەکانم)، وەلێ ناو بانگی جیهانی ناوبراویش بەهۆی رۆمانی ( سەد ساڵ تەنیایی )یەوە بوو، کاتێک لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٩دا خەڵاتی باشترین کتێبی وڵاتانی دەرەوەی بەدەست هێنا.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

*رۆمـانی ( کەس نـامە بـۆ سـەرهەنگ نانووسـێ)، نووسـینی ( گابرێـل گارسـیا مـارکیز ) وەرگێڕانـی لە فارسییەوە بۆکوردی ( چینی بەرزگەر)، پێداچوونەوەی ( ئیـسماعیل زارعـی ) و ( شـادان عەلـی )،لەبـڵاو کراوەکـانی دەزگـای وەرگێـڕان ــ چـاپی یەکەم ٢٠٠٧ هەولێر-چاپخانەی منارە.

# ئەرکی نووسەر لە بەرپرسیارەتی نووسیندا

نووسـیاری جاویـدانی لەوە دڵگـرانە رەخنەبارێـک پێنووسـە چـروکەکەی دەخـاتە کـاری بونیـادگەریی و راڤەکـاریی لەسـەر دەقێـک، کە بـاڵای زراڤـی بارتەقـای دووری هەسـارەکان دوورە، سێ بەقەد مـووی سـەری فەزای جـوانکیلانە و لـۆژیکی فـرە ڕەهەنـدی تێـدایە، مـومکین نیـیە ڕەخنەبـار دەسـتەڵاتی هزرانـدنی بەسـەر فەزاکـانی دەقێکـی لێـوریژ و لەزەتـدار بە نۆسـتالیژیا و سـەدای ئـاوازی (بتهـۆڤن) دا نەشـکێت، کەچـی ئەسـەف تیـری قـسەگەلێکی بـێ بنەماکـانی میتـۆدی ڕەخنەیـی دەگرێتە دەقەکە و ئەدەبی کوردیەوە.

ئەرکـی نووسـین رازی کردنـی دڵـی کەسـی بەرامـبەر نیـیە، تەنـانەت دڵشکانیـشی، مـاهییەتی جوانییەکـان و زینـدەبەچاڵکردنی، ناشـازیەکانی ژیـان، ئەخەر ئەوە دەسـتەڵاتی نووسـینە لێنـاگەڕێ سیاسـەتە پـڕ بەرژەوەندیەکان هەرجارە و بۆ لایەک رابکێشن، ئەوە

زەبـــری نووســـینە، بەدرێژایـــی مێـــژوو کۆمەڵگەکـــانی ڕۆشـنفکر کـردۆتەوە و بـۆتە چەکـی خەبـاتی دەیـان کـــۆمەڵگەی ژێردەســـت، مەگەر ئەوە نووســـین نیـــیە لێناگەڕێ، نووسیار بمرێت، تەواوی سیاسـەتمەندەکانی دەســــتەڵاتدەمرن و کەس باسیـــشیان ناکـــات (مەگەر حزبەکەیـان)، وەلـێ کەسـی ئەدیـب هەمیـشە بە نەمـری لەنێو کۆمەڵگەکەیدا دەمێنێتەوە، بۆیە هەمیشە تەمەنی شاعیرێک شکۆدارتر بووە، لە تەمەنی سیاسەتمەندێک، ئەخەر ئەوە چییە وای کردووە زۆر جار شاعیر دوای مردنی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا، بەبەرهەمەکانی زیندوو تر ببیـــتەوە، ئەوە بێگومـــان نیچرالیزمیەتـــی میتۆلـــۆژی نووسـینە، پـاڵی بەتەواوی هیومـانیزمییەوە دەنێـت، بـۆ ئەوەی بەشـداری لە کـۆمەڵگەیەکی لیبـرالأ و نەوەیەکـی سپێلێزمدا بکات.

نووسباری ساختە و خەیالأ بـڵاو رابردووی خـۆیی و مێژوویـی گەلەکەی پـێ کـۆترێکی کێـویلکەی بەرەڵایە و هیچیتر! تەنانەت بۆ کاتێکیش خۆی لەنێو فەرهەنگۆک و ڕێنووسی کوردییدا نەدۆزیوەتەوە، پرۆرسەی نووسین و میتۆدی رەخنەیی پڕکردنەوە نییەبە وشەی شـەرانگێز و پەیـــڤە یاســـاغەکانی جـــوانی، مـــاهیەت و ئـــاوەزی

نووســـین، بەر لەوەی پرۆســـەیەکی مەعریفـــی بێـــت، پرۆسەیەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتییە، بۆیە مومکین نییە کـۆلکە نووسـبارێکی شــەرانگێز، بە ئـاوی ئـاژینەکەی جاری جاران تێنوو شکێن بکەم و دوای خواردنەوەی پێکێـک شــەرابی شـیعر لەمـاڵی ئەدەبەوە، بەگەرەکـی راڤەکـاری و شـاری پـڕ حەسـرەتەکانی ژیـان دۆسـتی رابـکەم، ئەخەر ژوورەکەم لێوانلێـوە لە بێـدەنگی گـوتن، پێنووســەکەم فرمێـسکی پـاکیزەیی لێـدەتکێ شـیعر لە شاعیر یاخی دەبێت، ئەگەر شاعیر بەچاوی گومـانگەری و ڕاڕایـیەوە لە شـیعر نەڕوانــێ، ســەیرە دوێنــێ پیــرە نووســبارێک بەدەم ڕێگــا بــرینەوە بنیــشتی کــوردی دەجـویی و خـۆی ئەمـرۆ دەجـوێتەوە و دەڵێت: ئەی لە هیچــی هــیچ کــردنم!!!، وا ئەمــڕۆ بەهــۆی پرۆســەی نوســباری ســاختەمەوە، لە دەروونـــی ئەو (هــیچ)ەوە، ماڵئـاوایی لەنـامۆیەکی عەبـاڕەش و لێـوڕێژ لەڕەشـبینی دەکەم، ئەخەر بەرهەمـی ئەدەبـی رەچـاوی تایبەتمەنـدی ناکــات، بەڵکــو چــاوەڕێی ئەوە دەکــات، کە چــاوەرێی نەکــردووە، چــاوەرێی گــوزەرانێکی شــیاوتر دەکــات، هەرچەنـدە زۆر جـار بەقوربـانی نووسـیارەوە کۆتـایی پێهاتووە، هەرگیز نابێت کۆتری خەیاڵمـان وەهـا بفڕێت،

که نووسینی راڤەکاری، یاخود میتۆدی رەخنەیی هەست برینـدار کـردنه، یـان خـاپوور کردنـی دەقەکەیە لەبەر چاوی زۆرێک لە خوێنەران، وەلێ ستایشی پڕکوفریش نیـیە، بەڵکـو کـارکردنە بـۆ دەسـت نیـشانکردنی ئەو فەزایانەی کە نووسیار خۆی لێ بێدەنگ کردووە، یان ئەو فەزا جوانکیلانەی کە نووسیار بە جوانترین شێواز و تەکنیکی نووسینەوە کاری بۆ کردووە، وەلێ ئەوەی شـیاوی وروژانـدنە بـۆ نووسـین، ئەوەیە کە ئەمـڕۆ ئەدەبـی کوردیمـان بـۆتە (گـروپ و گروپکـاریی)، هەر گـروپە و پێنووسـەکەی لە سـەنگەری بەرەنگـاربوونەوە دایە، لەبەرامـبەر گـروپەکەی تـر، بە نووسـین لەسـەر بنەمـایەکی ئەخلاقـی و پـڕ لە بەرژەوەنـدییەکان، دەرەنجـامی باشـی لێـدەکەوێتەوە، وەلـێ نەک ئەم نووسـینانەی ئەمـڕۆ دەبینـرێن، کە نووسـین بـۆ گروپەکەیان، دەبێت (نان بە نان بێت)، یاخود وەک زۆر جار ئاماژەم پێکردووە، وەک دیاردەی (ژن بە ژنی)یە، بۆ گروپی بەرامبەریش نووسینەکە ئەوەندەی خودی نووسەرەکەی گەرەکە، مومکین نییە نیو ئەوەندەبەلای نووسـینەکەوەیە بچێـت، ئەخەر خـۆ ئەمە سـەردەمی جاهیلیەت نییە، بڵێن: (ئێوە لە ئێمە نین).

ئەرکی نووسەری جاویدانی، بەر لە هەموو شتێک دوورە پەرێزیە، لەم گروپانە و هەوڵدانە سیاسەت پەلکێشی نووسینەکانی بکات، نەوەک سیاسەت نووسینەکانی پەلکێش بکات، هەرگیز نووسەری راستەقینە، کاتێک لەگەڵ بارودۆخی سیستەمێک رادەوەستێت، بیر لە فڕین ناکاتەوە بەر لە دانیشتن و تێفکرین و تێگەیشتن، بڕوا بەو کەسانەش ناکات، کە لایان وایە گوزەران خراپە، قەناعەتیشیان بەو بەشە نییەو بەخودی خۆشیان رازی نین، ئەوانەی کە لاشیان وایە رەوشی ئەدەب لە مەترسیدایە، ئەوا سیاسەتە پەلکێشی کردوون و نەیانتوانیەوە خۆیان یەکلابکەنەوە و سیاسەت و ستایل و ڕاوبۆچونێکی تایبەت بە خودی خۆیان هەبێت، بۆیە نووسەر بەرپرسیارەتێکی گەورەی لە دەستدایە و ئەرکێکی گەورە بە پێنوسەکەی جێ بەجێ دەکات، ئەخەر مومکین نییە نووسیاری ترسنۆک قوربانی دەدات، لە پێناو میللەتەکەیدا، کەچی هەر خۆی لەناو دەچێت و ترسنۆکەکان دەمێننەوە، ئەوەیە کە مرۆڤی باش و راستەقینە تەمەنی کورترە، لە تەمەنی مرۆڤی ترسنۆک، وەلێ نووسەری راستەقینە دوای مردنی بە بەرهەمەکانی زیندووتر دەبێت، چۆن ئەو

لەگەلأ ئەو ســـەردەم و سیـــستەمەی کە تێیـــدا ژیـــاوە، هاودژ بووە، بە بەرهەمەکانی دژە پێکدادان و شۆرشـی جوداوازی دروست کردووە.

# نیگایەک بەسە بۆمردن،ژیان پیاسەیەکە لێوڕێژ لە ئاوابوون

لەجیاتی سەرەتا:
نیگاکەت پیاسە بە شەقامە نارنجیەکانی مردن دەکا
باوەش بە فانتازیای ئاوابوون دەنێ
دەڵێ ((تۆمنی، منیش تۆم))
بەم شرۆڤەیەش پێدەکەنێ
ئەو لە پیاسەیەکی شەلآلآ لە ئاوابوونە
من لەژێر دار سنۆبەری فیردەوسییەکانی شیعر
تۆ جیاواز
من جیاواز تر
دوو جیاوازی دوو ستوونی درێژی پڕ لە جیاوازی.

ناوەڕۆک

ئەوەی لە شـــیعرەکانی (نـــاڵە حەســـەن)دا، خـــوێنەر سەراســـیمەی جوانییەکـــان دەکـــات، ئەوەیە کە ئەو لە

دیـــدگایەکی پــڕا و پــڕ لە جـــوانبینی کۆمەڵگـــاکەی دەڕوانێــت، وەلــێ چ ڕوانینێــک؟، لە خــودی خــۆی و دەوروبەر و...هتـد. گەر شـیعر کچێکـی چـاو خومـار و زوڵف تاڤگەیەکی جوانکیلانە و قەد و باڵا چنار و ماسـی بێ و شەلاڵ بێت لە جوانی و ڕۆمانسییەت، هۆنەر وەک شـــاعیرانی تــری پێــشخۆی نەهـــاتووە، بە ماچێــک دەسـتبەرداری بێـت، لە زۆربەی شـیعرەکانیدا کەمەری ئەو کـــچە شـــیعرە دەگـــرێ و هەنـــدێک جـــاریش تـانەیگەوزێنێ دەسـت بەرداری نابێـت. بـۆیە مـن وای دەبیــنم شــیعر لە دیـدگای ئەو شــاعیرەوە عەشــقە و عەشقێکە تا سەر ئێسقان چۆن بەشێوەیەکی تر خۆی ئـــاوێزانی زراڤـــی شـــیعر دەکـــات. کە خـــوێنەر لە پیاســـەکردنی بەنێــو شــیعرەکانیدا چـاوی بە (بــووکی چـاوەڕوانی و مردنـی ئاسـک و چارەنووسـی مـرۆڤ و سەفەری باڵندەکان و یاخی بوونی فریشتە و فرمێسکی بەردەکــانی کەنــار دەریــا و. هتــد) دەبێــت ئەوەتە ئەو دەرویێشانە حاڵ دەگرێ و لە خەڵوەتگای شیعرەکانیەوە بە دەم نووسینەوە بۆچوونەکانی دەوەشێنێت.

**کوکوختیەکانی دۆزەخیش فێرە فڕین دەکەم**
**بەڵام هەیهات و واوەیلایە بۆ خۆم**

**ئێستا، پردی سیراتی ئەفسانەکانی ڕۆحم**
**گەلێک لە موو باریکترە. لا٥ (شیعری لاوکی تەنیایی).**

ئەوەی لە ئەدەبـــدا، لە ژانرەکـــانیتر بە کۆمەڵێـــک تایبەتمەندی جوانکیلانە جیا دەکاتەوە، بەبێ بەد گومانی شـــیعرە، بـــۆیە ڕاڤەکردنـــی دەقێکـــی بارگـــاویکراو بە سـەمفۆنیا و مۆسـیقا و مۆنۆلـۆج و جاویـدانی و هیـۆلی شـەنگوڵی. گەلێـک زەحمەتتـرە لەوەی چەنـد شـیعرێک ناسـک و سـاکار شـرۆڤە بـکەی. ئەوەی لەم دەقـانەدا بەرچـاو دەکەون زمـانێکی نـاو ئـاخنە لەنێـو زمانـدا لە دەقەکانیـدا، چۆن تەکنیکی زمـان لە نووسـیندا بەتـایبەت شیعر تەکنیکێکی بنیاتنەرانەیە، بۆیە بە دڵنیـایەوە زمـانی نووســین جیــاوازە لەگەڵ زمــانی بــازاڕ و شـــەقام و دیوەخـــان، شـــاعیر لە دەقە شـــیعریەکانیدا، تەواو سـنوورەکانی دەبڕێت، تەنـانەت باوەڕیـشی بە سـنوورە کلاسـیکییەکان و بۆچـوونە کارتۆنییەکـان و جـوانیە دەسـتکردەکان نیـیە، ئەوەتە گەورە شـاعیری عەرەبـی نـزار قەبـانی دەڵێـت ((دەرچـوون لە یاسـا، ئەمە قەدەری چامە شیعری باشەچامە شیعرێکی خـاوەن ئاسـت نزمە، کە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆی دژ بە یەکبووندا نەبێت و پێدادان لە نێوانیاندا دروست)).

**ئەوە منم / باران لە تەنیاییم ئاو دەخواتەوە**
**کانیەکانی مردنیش چاو هەڵدێنن**
**لە حەژەمەت ئەم ڕۆیشتنەت لا٩ (هەمان شیعر)**

لە کرۆکی خوێندنەوەی شیعرەکانی ناڵە حەسەندا، ژانی چاوەڕوانی و سەفەر و بگەڕێوە و خەمی دووری زیاتر لەم بازنانەدا، دەخولێنەوە، دیارە ئەمانە پەیوەستن بە ژیانی خودی شاعیرەوە. کە کۆمەڵێک باکگراوەندی جوان خۆی لەو دیوی شیعرەکانەوە مەلاش داوە، کە ئەمەش وا لە شیعرەکان دەکات زیاتر خەمناک و لەزەتدار تربن لەلای کەسی خوێنەر، بۆیەش من لە زۆرێک لە دەقەکانیدا چەندین جار خوێندومەتەوە و حەقی ئەوەم بەدەست نەهێناوە کە ویستەکانی ئەو پێکاویەتی، بۆیە من بە عەشقەوە ئەم کتێبە شیعرە شەوانە لەتەک خۆم دادەنێم. تا ئەو چرکەیەی خەو دەمباتەوە بۆ شارستانیەتی بێئاگایی، بە عەشقەوە عاشقانە بەنێو کۆڵانەکانیدا گوزەر دەکەم، لێرەدا مەبەستی پێکانی ورووژاندنم ستایش کردنی بنووسی نیگایەک بەسە بۆ مردن نییە، وەلێ دەقی جوان هێزێکی موگناتیزی هەیە و ناخی من دەبزوێنێت و بۆ لای خۆی پەلکێشی دەکات، بەو مانایەش نا (خوانەخواستە )

بکەومە ژێر کاریگەریی. چامە شیعری جوان و لێوڕێژ لە بنەماکانی شیعر بوون و لەسەر باڵی نۆستالیژیا دیالۆگ لەگەڵ فریشتەکانی فانتازیای بەهەشت، یاخود ئاسمان بکات، باوەڕ ناکەم بە جارێک خوێندنەوە فەزاکانی تەسلیم بەخوێنەر بکات.

**جەستەی خۆم و ئاوێنە شکاوەکان و**
**گەڵا وەریوەکانم**
**کۆکردەوە. شل شل**
**مرواریە رەنگ هەناریەکانی سەرسنگی شاژنە شلێریەکانی**
**نێو عیشوە نازی پەلکە زێڕینەشەم کۆکردەوە..! لا ٢٦ – ٢٧ (ئاوێنەکانی چارەنووس)**

ئەگەر وردەکاری ڕۆژانەی فاکتەر و پاڵنەرێکی چاک بێت، بۆ شیعر، ئەو شاعیر دەبێت بزانێ زمانی ئاخاوتن و نووسین چییە؟ نووسەری نوێخواز دەبێت شارەزایەکی باشی هەبێت لە مێژووی ئەدەبیاتی بەر لەخۆی، ئەوەتە هۆنەری نیگایەک بەسە بۆ مردن لە پێناو شیعر و ژیان و عەشق قوربانی دەدات، بۆیەش جەستەی خۆی و ئاوێنە شکاوەکان و گەڵاکانی شەقام کۆدەکاتەوە. دیارییە مروارییەکانی گەردەنی شاژنە

گوڵەکانیش لەم ناوەدا دەکاتە مانشێتی پوچبوون، بۆیە شـــیعر ژیــانە و ژیــان عەشــقە و عەشــق شــیعرە و شیعریش عەشقە.

شـاعیر دەبێـت جیـا لەوەی کە لەمێـژووی ئەدەبیـاتی گەلەکەی بگـات، دەبێت زانیـاری لە مێـژووی ئەدەبیـاتی وڵاتـانی تـریش هەبێـت، وەلـێ بەداخەوە شـاعیرۆکەی واهەیە جیا لەوەی لە مێژووی ئەدەبیات ناگات، بەڵکو لە مێــژووی ئەدەبــی خۆشــی بێئاگــایە، ســەیرتر ئەوەیە شـاعیری وا هەیە بـاوەڕی بە خوێنـدنەوە نیـیە، چـونکە لای وایە شـەیتانی شـیعر هەڵەی دزینـی پێـدەکات. نـاڵە حەســەنی شـاعیر لە شـیعری ((خەونەکـانی مـردن))دا، تەواو پەردە لەســەر نهێنیەکـانی مـردن هەڵـدەداتەوە، بۆیەش زیـاتر لە ڕۆمـانە شـیعرێکی چڕوپڕ و لێوڕێژ لە یاداشـتنامەی مەرگ دەچێـت، بـۆیە شـاعیر دەگەڕێـتەوە کۆڵانەکـانی منـداڵی و یـاریکردن و پێکەنـین و دواتـر جێژوانی یاری پڕ لە ترس و تاسـە و دڵەڕاوکێ. شـاعیر زیـــاتر هەڵوەســـتە لەســـەر چەمکـــی مـــردن و مەرگ دەکاتەوە، لەنێو فەزاکەیدا کە چڕیـوێتی ( ئەلبوومەکانی منـــی مـــردوو ) دەتـــوانم حەق بەوە بـــدەم و پێـــداگیری لەمەڕ ئەوە بـکەم، کە نـاڵە حەسـەن ئەم بەرهەمەی لە

چاو بەرهەمەکانی تری چڕ و پڕتره و جوداوازه به کۆمەڵێــک تایبەتمەنــدی خــۆی تێــدایه، له زۆربەی لایەنەکــانی شــیعربوون و شــیعرییەت، بەراورد لەگەڵا کتێبه شیعری ( ڕەنگه ئیرۆسیەکانی ئاگرم )دا شاعیر لەم کتێبەیــی و بەرهەمەکــانی پێــشووتریدا وا هەســت دەکرێت، شاعیر زیاتر لەنێو تەم و مژێکی چڕی شیعری دایه و لەنێــو بــازنەی مۆنۆلــۆجێکی تایبەتمەنــدیش دا دەخــولێتەوه، بــۆیه زۆربەی دەقەکــانی شــاعیر لەنێــو فەزایەکی شـێواوی خودی ڕۆژهەڵاتی دا دەخـولێنەوه، که ئەمەش کولتووری ڕۆژهەڵاتی و سیاسەتی تەپاندنی (خــود) دەوریکــی کــاریگەریی گێــراوه لەم تەوەرەیەدا، دەکرێت ئەمه له شـوێنی خـۆی لێدوانی زیـاتر لەسـەر بکرێت. وەلێ که کتێبه شیعری نیگایەک بەسه بۆ مردندا ئەم سـنورانەی بەزانـدووه به حـوکمی شـارەزابوون له کولتووری وڵاتان و سەفەرکردن بەنێو جیاوازییەکانی سروشــت، بــۆیه شــاعیر لەم ئەزمــوونه شــیعریەیدا نوێکاری و جوانبینی و واتاسـازیەکی چاکی کردووه و شـەنگی و شـەنگوڵی به شـیعرەکان بەخـشیوه، دەتـوانم وەهـا ناوزەنـدی بـکەم که ئەفرانـدنی له فەزاکـانی نێـو دەقەکانیدا کردووه.

**ئێمە هاتووین تا تەمەنی گەنجیەتیمان**
**هەگبەی پڕ لە خەونە ئاڵەکانمان**
**ببەخشین....**
**بە/ ئەفسانە قەدەریەکانی گەردەلول و**
**بە/ گەردەلوولە ئەفسانیەکانی قەدەر و**
**بە/ قەدەرە گەردەلــوولە ئەفــسانەکانلا** ٤٤ (شــیعری فیردەوسی شەوە یەڵداییەکانی لم)

لە زۆرێک وتارەکاندا ئەمەم ورووژاندووە، جا نازانم تــا چ ئەنــدازەیەک لەســەر هێڵــی ڕاســت دام و پیاســەی بەســەر دەکەم، وەلێ کــارم بەوەش نیــیە! چۆن هەمــوو تاکێــک ئــازادە تاســەر ئێــسقان لە دەربڕینــی بیــروڕا، بە وشـــە ســـەمفۆنیای شـــیعر و تێکئـــالانی نۆســـتالیژیای لەگۆڕەپــانی شــیعر دەرەنجــامی باشــی لــێ دێــتە بــوون، زۆر جار گەمە کردن بە وشــەکان و، ناوئــاخنی فانتازیــا ئــامێز لە کرۆکــی شــیعر دێنێــتە وجــود، ئەوەتە بنووســی نیگــایەک بەســـە بــۆ مــردن لەم شــیعرەدا بە وشـــەکانی (ئەفــسانە – قەدەر – گەردەلــوول) فەزایەکــی چەنـــدە جــوان لە شــیعرەکەدا دروســت دەکــات، کەلەهەر دیــدە نیگــایەک و شــەقامێکی کریــستاڵیت پــێ نیــشان دەدات، کەوایە گەمە کــردن بە ووشــە پــاڵنەرێکی سەرســەختی

پتەوکردنی شیعرە، شیعر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گەمەکردنە بە وشە، وەلێ ئەو توانایەکی لە ڕادەبەری هەیە لەم ڕووەوە، چۆن لە تەواوی چامە شیعرەکانی ئێستا و ڕابردوودا ئەم حەقە پەنگی داوەتەوە و بەسەر پێدەشتی ئەودا بارانی گەمەکردن و تەکنیکی وشەکان دەبارێت، تا تەڕ تەڕ بارانی بەرائەت شیعر دەشواتەوە، وەلێ بەو مانایە نا کە گەمە کردن و تەکنیکەکان لەسەرحەقی لێشێواوی خوێنەر و گاڵتەکردن بە ئەقڵیان بێت.

**ڕەنگە من تەوەزەلترین نووسەر بم**
**کە نەمتوانی بێ خوێنەرەکانی**
**خۆم شکاندبێ**
**ڕەنگە هەموو شیعرەکانی خۆم**
**تەنیا بۆ دامرکانەوەی حەز**
**سێکساویەکانی خۆم نووسیبێ!** لا ٥٤ (شیعری گومان)

ئەوەی لەم دێرە شیعرانە سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە شاعیر چەشنی زۆربەی شاعیرانی تر نەهاتووە خۆی ستایش بکات و بەشان و بالای خۆی و شیعری ئەو کەم ئەزموونەی هەیەتی دا هەڵبڵێت، ئەو هێشتا

بەشـــەرمەوە لە دەرگـــای شـــیعرەوە لە خوێنەرەکـــانی دەڕوانێـت و خـوێنەر بە هەڵە مـووتی شـیعر ناوزەنـد دەکـات و نـایەوێ شـیعر لەم لـوتکەی لەخۆبـایی بـوون هەڵــدێرێت، چــۆن شـــاعیری وا هەیە، کە پێــت گــوت شـیعرت لە جوانییـدا شـیفایە: دەڵێـت کەوایە دەبێـت بـۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاربهێنرێت.

مـن ئەوەی لە شـیعرەکانی نـاڵەی شـاعیر بە وردی بەدی دەکەم، ئەو لە کەناری ژیان دۆستیەوە لە دەریای مەرگ دۆســتی دەڕوانێــت و لەگەلێــک حـــاڵەتیش بە پێچەوانەوە، شاعیر ڕەشبین نییە، وەلێ...!

**بۆیە من هەمیشە بە گومانم**
**لە بوونی خۆم**
**لە شیعرەکانم**
**لە بینینەکانم**
**لە خەونەکانم**
**لە ئایندەم**
لە مرۆڤەکی خۆشمدەوێ. ل٥٤ (هەمان شیعر)

سـەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە گومـان دەمـانگەیەنێتە کرۆکـی راسـتییە جوانییەکـان چـۆن گومـان بەشـێکە لە واقیـع و راسـتەقینەش سـەرەتای گومـانێکی پـڕ پـڕ لە

خەت خەتۆکەی ڕاڕایی بوو، شاعیر لە شیعری (گومان) دا پیاسە بە شارەکانی ڕاڕایی بەدگومانیدا دەکات، لە گومانبوونی ماڵەکانی گومان دەڕوانێت، گومان لە بوونی خۆیی و بینینی شتەکانیش دەکات، تەنانەت گومانی لە شیعرەکانیدا هەیە.

جیا لەوەی کە خەون: گومانە، گومانیش: خەونە، وەلێ ئەوەشی ڕەنگتر کردووە، ئایندەشی بە گومانێکی گەورەوە موتوربە کردووە ئایندەش بە گومانەوە جوانە، ئەو کەسەی بە گومانەوە خۆشت بوێ.

ناڵەی شاعیر لە پیاسەکانیدا بەردەوام دەبێت بەسەر تەرمی گومانەکان بۆ گەیشتن بە دوا وێستگەی گوان بوون هەنگاو بە گومان هەڵدێنێ تا مەملەکەتی ئەبەدیەت ڕێبوارێکی بە گومانە بۆ گومان!

**دێمەوە**

**خۆم لە جوانیەکانی گەڵاو**

**ڤینۆسیەتی بەفر وەردەدەم**

**لەنێو شەپۆلە شاگەشکەییەکانی مەست بوون**

**تا ئەبەدیەت نارۆمەوە.....! لا ٨٨ (شیعری نیشتیمانە سپیەکەی نێو خەونەکانی دایک)**

## دوماهی و ئەنجام

خەمی غوربەت سەخترین تالاوە بۆ خودی شاعیر، ئەی ئەگەر ئەم خەمە لە تاراوگەیەکی ئاگرباران و خەم هەڵقوڵان بۆ شاعیرێکی وەک (ناڵە) ئاخۆ دەبێت چەندە دژوار بێت؟، شاعیر لەبەر ناسۆری ڕۆژگار و برینی سەختی ڕۆح و خەمی غوربەت دۆش داماوە لە دەروازەی خۆزگە سوتاوەکانیدا، وەلێ ئەو ئامادەیە لەنێو ئەو هەموو تالاوانەی تاراوگە و مەنزڵگای خۆزگە سوتاوەکان و وێستگەی حەزە سەر بڕاوەکانی نیشتمانی دایک تا جاویدانی لەنێو ئەم مەستبوونەدا بمێنێتەوە و هەرگیز نەگەڕێتەوە نێو ئازاری نەبڕاوە و گریانی شەوانی بێنازبوون و خەمی غوربەتێکی بەزۆر ڕاپیچراو و ناسۆرییەکانی تاراوگەیەکی ڕەزا گران، کەوایە شاعیر لە پێناو عەشقی خاک و وڵاتەکەی دەستبەرداری تەواوی خولیاکانی دەبێت، ئەمەی لەم کتێبەدا سەراسیمای جوانییەکانمان دەکات شاعیر بەشێوەیەکی جیا لە ئەزموونەکانی پێشووتری لە نێو گەردەکانی شیعرییەت دا تواوەتەوە و زێتر وردەکاری لیبرالأ و نوێکاری لە تەکنیکەکانیدا کردووە. سەرەرای

شەڕ لەگەڵا خودی خۆی تاکو شەونمی ژیاندۆستی و عیشق و بەرائەت لە شیعرەکانی بتکێت.

**پەراوێز/ سەرچاوە**

- نیگایەک بەسە بۆ مردن / ناڵە حەسەن، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠٠٧هەولێر

* ناوی چاپخانەکەی لەسەر نەنوسراوە

# ئەدەب وەک بەشێک لە ڕۆح

ئەدەب چییە ؟ تیۆری ئەدەبی بوونی چییە ؟ بۆچی قۆناغەکان هەمیشە بەردەوامن ولە هەوڵی پرۆسەی نوێکاریدان، ئایینی مەسحی بۆیە هات تا ئایینی جوو نوێ بکاتەوە. هەموو قۆناغەکانی ئەدەبیش دەشێت لەم دیدگایەوە سەیر بکرێت، وەلێ نووسەر هەیە بەهێزی جوانیناسی نووسینەکانی قۆناغەکان دەبڕێت و هەمیشە خۆی لە ناو خۆیدا نوێ دەکاتەوە. دەشێ تێفکرینی جوان و ڕاستگۆیی خودی نووسەر بێت کەوا تەمەن درێژی بە نووسین دەبەخشێت، ئەوەتە وڵاتی ئینگلتەرا شاعیری باشی زۆر هەیە، وەلێ شێکسپیر بەبۆچوونی توێژەرەوانی بواری ئەدەبیات باڵاترین و مەزنترین شاعیرو نووسەری وڵاتەکەی بووە، کە شێکسپیرجگە لەوەی شاعیرێکی لێهاتوو بووە، دەقی شانۆگەریشی نووسیوە و ئەکتەرێکی لێهاتووش بووە، سەرەڕایی ئەمانەش بەڕێوەبەری تیپی شانۆگەریی بووە و خاوەنی بەشێکیش بووە لە شانۆی گلۆب(globe) ، کەوابێت

ئەدەب فـره شـرۆڤە و دیـدگاو ڕەهەنـدگەلی جیـاوای گەرەکە.

مـن بـۆیە دەنووسـم تـا زیـاتر لە خـودی خـۆم نزیکتـرببمەوە و زیـاتر هەسـت بە ڕۆحـم بـکەم، نزیکبـوونەوە و هەسـتکردن بە ڕۆح، نزیکبـوونەوە و هەسـتکردنە بە هەقـیقەت، نزیکبـوونەوەیە لە بەرائەت، نووسـەر تەنیـا ئەو کـاتە دەتوانێـت ئـاوی بەرائەت لە کانیـاوی هەقـیقەت بخـواتەوە کە ئەدەبیـاتی لە ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەدەب لەوە بەدەربێت دەشـێت هەمـوو ڕۆژێـک چـاوەڕێی مردنـی لێبکرێـت، چـۆن هەنووکە نووسـەرگەلێکی بێئاگا پێناسـەی داتاشـارو بۆ ئەدەب و ڕۆح دەکەن، کە نە ئەدەب پێناسـەی داتاشاروی هەیە، نە ڕۆح. تەواوی سەرەتا ڕۆحیانیەکان مـوژدەی کۆتـاییەکی جـوانن، تەواوی جوانییەکـانیش بەبـێ ڕۆح بوونیـان نیـیە، دەشـێت تەواوی جوانیناسـییەکانی ئەدەبیـاتیش لە ڕۆحەوە سـەرچاوەیان گرتبێت، وەلێ ناشێت نووسنی بوارەکانی تر لە ڕۆحەوە سـەرچاوە بگـرن. وەک چـۆن دەشـێت هەمـوو دەقێکـی ڕەشبین لە ڕۆحێکی زامدارەوە هەنگاوی نابێت، وەلێ قەد ناشـێت ڕۆحـی زامـدار و داروخـاو لە پرۆسـەی

شـیعرییەتدا بـشاردرێتەوە، بـۆیە دەلوێـت ئەدەب وەک بەشێک لە ڕۆح سەیر بکەێت

چەند ئاماژە گەلێکی سەرەتاییانە لەبواری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکـان لە چـوار چێـوەی دیـدگاگەلێک و چەنـد کتێبێکـی گـشتیدا لەمەڕ ئەدەب چیـیە دا لێمـان دێـنە پێـشەوە ؟ وەک (ئەدەب چیـیە ؟)ی ژان پـۆڵ سـارتر و (سەرەتایەک دەربارەی تیۆری ئەدەب)ی تێری ئێگلتن و (تیـۆری ئەدەب)ی تزڤێتـان تـۆدورۆی و (تیـۆری ئەدەب)ی رێنـی وێلـک وئۆسـتن وارن، لە تەواوی ئەو سـەرچاوە گەرانەو تەواوی سـەرچاوەکانی تـردا قسەی جیـا و بۆچـوونی جیـاواز دراون و هەمیـشەش ئەدەب خـۆی لە هـیچ چوارچێـوە و قۆنـاغێکی دیـاری کـراودا نەبینیـوەتەوە، ئەوەتە تیـۆری نوێبـوونەوەی ئەدەبـی سـەرەتاییەکی بەراوردکاریی هەبـووە لەلای هەریەک لە ئـان جێفەرسـن و دێڤـد رۆبـی لێـرەوە ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کەوا ئەم ناونیـشانانە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەخۆیی خۆڕسـکانە هـاتوون، واتە هـیچ پەیوەنـدییەکی وردییـان بە سـیاقی ئاسـایی بـواری لێکۆڵینەوەکەوە نییە. لەتاوتوێکردنی ڕەخنەی ئەم ڕاڤەیە ئێستێکیان کردبێت، کە تێری ئێگلتن بە شێوەیەکی ورد

و بەسەلیقەیەکی هەناسە درێژەوە ئاوڕی لە م ڕەهەندە داوەتەوە، وەلێ دواجار توێژەرەوانی بوارەکە خۆیان دەزانن مەبەستەکەیان چییە ؟ چۆن هەندێک دەستەواژە لە بواری ڕاڤەکاریدا بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، پرسیار کردن دەربارەی ئەوەی کەوا ئەدەب چییە؟ زۆر بەروونی ئەو مانایە دەگەیەنێت کە پێناسە کردن و هەڵوەستە کردنی ئەو قەوارە پڕ ڕەهەندەیە وەها ئاسان نییە، سارتر لەلای خۆیەوە هەوڵی جوانبینی وردی داوە بۆ ئەوەی لەبری خوێنەر ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و گرفتەکان چارە سەر بکات، بۆیە بەهەمان شێوە گریمانەی هەر نووسینێک دەربارەی تیۆری ئەدەب هەبوونی قەوارەیەک بەناوی ئەدەبەوە دەگەیەنێت، واتە خستنە ڕووی چەند نموونەیەکی تیۆری دەربارەی ئەدەب لەبابەتگەلی ئەو نموونانەی کە توێژینەرەوەکان ((لەبواری فیزیکیدا)) تێزی تیۆرییان لەسەر چەند بابەتێک پێشکەشکردووە، کە جێگەی بایەخ و هەڵوەستەن. هەروەک تیۆری موگناتیزی و پێکهاتەتیشکییەکان، مەرج نییە ئەو ناونیشانانەی کە پەیوەندییان بە کرۆکی (تیۆری ئەدب )ەوە هەیە ئاماژە بۆ بوونی ئەدەب بکەن، بەڵکو ئاماژە

به بزاوتی تیۆرساییەوە دەکەن، دەشێت بەبێ پیلانێکی پێشوەخت و لەپرستەی دەستپێکدا ناونرا ((بواری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان)) ڕەنگە تیۆرسازیی لەم بوارەدا هەروەک دەبینین چەند ئامانجگەلێک بەخۆیەوە دەگرێت، وەلێ ئامانجی سەرەکی ئەوەیە وەلامێکی دروستی ئەوەمان بۆ ڕاڤە بێت کەوا بزانین ئەدەب چییە؟ ئەوانەی لە م بوارەوە قسە و گوتارەکانیان دەخەنە ڕوو کەلەپوور و کولتووری ڕەخنەییدا ئاماژەیە بە ((هونەری ئەدەب و تیۆری ئەدەب)).ئەم وتارە هەولێکی سەرەتایە بۆ دەستنیشانکردن و چوونە ناو بیرۆکەی ئەدەبیاتی پایە بەرز و ئەفرێنەر، لە درێژبوونەوەی جوانبینی ڕۆحەوە، یان بیرۆکەی بالای ئێستاتیکی وێژە " هەربۆیە دەبێت تێبینی ئەوەش بکرین وشەی ئەدەب لەنێوان دووجووت کەوانەدا بەکارهاتبێت چەشنی ئامـاژەیەک بۆئەوبەهاو تایبەتمەندییەی کە پێشنیار و پۆچوونەکان پێی دەبەخشن،کەوا مەرج نییە نووسەر پابەند بێت پێیانەوە، ئێمە شوێن ئەو تێزانە ناکەوین، ئەو تێزانەی کەوا باسییان لە قەوارەیەک کردووە بەناوی ((ئەدەب)) ەوە نابێت ئێمە نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەدەب بوونی هەیە، وەلێ بۆ ڕاڤەی بەبێگومان و

پێناسەی داتاشارو سەخت دەکەویتەوە. ئەدەب ملکەچی چەشنێکە لە تیۆر سازی کە ڕێگەخۆشدەکات لەبەردەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی ئایندەدا، لە پێناوی دۆزینەوەی تیۆر و پێوەرەکانی پێناسەی ڕاست و زانستیانە دا هێچ تیۆرێک بەم جۆرە ناخرێتە گەڕ، چونکە مەسەلەکە بریار دانی تیۆرەکە نییە لەسەر ڕەهەندێک، یان چەمکێکی پێشوەخت، پاشانیش دانانی نزیکبوونەوە لەو ڕەهەندە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر تیۆرێک ڕەهەندێک، یان چەمکێک دادەڕێژێت لەمانا ڕاستە قینەکەیدا، وەلێ نالوێت بەدەریش بێت لە ڕۆحەوە. ئەدەب قەوارەیەکی جیاواز و پشت ئەستوورە بەو چەمکەی کە تیۆرەکە دایدەڕێژێت. بۆرۆب یە تیۆری ڕۆمان، یان کۆپسنjakobson بێت، یان نۆرس فرایfrye، یان رۆبیRobeyهەموویان بەدیاریکراوی باس لەوە دەکەن چۆن تیۆرە جیاوازەکان، جیاوازیان لەژێر ناونیشانی (ئەدەب) دا گەلاڵە کردووە، هەڵبەتە ئەو ڕێژەگەرییەش بەڵگەی تەندروستییە لەپاڵ ڕۆحێکی جوان و بێگەردەوە. چونکە زیندوێتی لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان و ئاستی ئەفراندن و بایەخی فیکرییان بەدەر دەخات. دۆخی ڕاڤەگەریی لەمجۆرە بەشێوەیەکی

ئاشـكرا لەناونیـشانی کتێبێکـدا ڕەنگیـداوەتەوە لە ژێـر نـاوی ((ڕاڤە گەریـی دەربـارەی ئەدەب، هەڵوەسـتەکردن لەســـەر رۆح)) کە پەیوەنـــدنی نێـــوان ڕۆح و ئەدەب، پەیوەندییەکی بنچینەییە و ڕەگێکی قـووڵ بەیەکەوەیـان دەبەســـتێتەوە. لەدیـــدگای ڕەخنەگـــری بەناوبانـــگ (ئەبرامــز)دا ڕەخـنە گرانــی ئەو تیۆرســازییە جەخــت لەســـەر ئەوە دەکەنەوە کە پرســـیار گەلێکـــی وەک ((مەرگەســـات چیـــیە ؟))، یـــان ((شـــیعر چیـــیە ؟)) پرسیارگەلێکی سـاختەن، چـونکە نمـوونەو گریمانەکـانی وەهمێــک دەخەنە ڕوو، کە گـــوایە ڕۆحـــی نووســـەر گەوهەرێکی هەیە وپێویستی بە دەست نیشانکردن هەیە. لێـــــــرەوە پرنـــــــسیپە کەی فیتگنیـــــــشتاین Wittgenstienبەزەینماندا ختووکە دەکات، دەربـارەی لایەنەکـانی پێکچـــوونی ڕۆحـــی خەمە هاوبەشـــەکانی شـاعیر، پـوختەی ئەو پرنـسیپە ش بـریتییە لەوەی کە ئێمە خـاوەن کولتـوور و خەم و گرفتـی هاوبەشـین. کە دەشـــێت پـــاڵنەری سیاســـی و ئـــابووری و ئـــایینی و کـۆمەڵایەتی لەپـشت بێـت. بـۆیە ئەگەر تەماشـای چەنـد چامەیەکی شـیعری بکەیـن، دەبینین هەندێکییان لەچەند ڕوویەکەوە لەیەکتری نـزیکن و ڕۆحی نزیکبوونەوەیـان

تێدایە، لەڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتگیر شاعیران کەم و زۆر کاریگەرییان بەسە ریەکەوە هەیە، وەلێ هەیە ئەم کــاریگەرییەی تەندروســـتە و هەشـــە ناتەندروســـتە. چەشـنی خێزانێـک لە چـوار چێـوەی ماڵێکـدا کۆمەڵێک ڕێساو یاسا و دەستوور لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە، وەلـێ هەڵەی زەقـی تیۆرەکەمـان لەوەدایە کە تووشـی وەهمێکی کوشندە ببین و دەستی لێهەڵنەگرین، کە گوایە تەنیـا ئەدەب لە هەوڵـی تـاکە گەوهەرێـکە و چـاوەڕێی ئاشکراکردنی دەکات،بۆیە ئەرکی ئەدەبییات ورووژاندنی گۆمـان و پرسـیارکردنێکی هەمیـشەییە لەم سـەفەرەدا، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی نووسـەر پرسیارەکانی وشـک نەکـات و هەمیـشە لە بـارەی ئەدەبەوە پرسـیار بکــات و بزانێــت ئەدەب چیــیە ؟، دەبێــت بکەڕێــت و ســـەفەربکات، ســـەفەر بەنـــاو خۆیـــدا، ســـەفەر بەنـــاو سروشـتدا، سـەفەر بەنـاو وشـەکاندا، بـۆئەوەی ئەدەب ئــاویتەی بێــت و ببێــتە بەشــێک لە ڕۆحـــی، چـــونکە نووســـەرو شـــاعیری جاویـــدانی ئەوەی دەیەوێـــت لەبارەیەوە بورووژێت، دەشێت ببێتە بەشێک لەڕۆحی، ئەگەرنا ئەو ڕەهەندە فیکرییەی کە گەرەکیەتی بەرهەمی

بهێنێت، بەرلە نووسین دەمرێت و ڕەهەندە فیکرییەکەی لەباردەچێت

## پیاسەیەک لەسەر باڵی هیومانیزمی

قەد گەرەکم نەبووە بە باوەشێک لێوانلێو لەستایشی کوفرەوە سەردانی دەقێکی نەخۆش بکەم. نەخۆشیەکانی دەق لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ئادەم و حەوای ئەو دەقە نەخۆشــە لە مەعریفەیەکــی ســانتمانتالیزم بەنێــو جـوانبینی و جوانکـاری و قـوڵ بـوونەوەی خـود بەنێـو خودی ناوەوەی خۆی، بە جۆرێک گوزەر بکات عیشق لە هەمــوو جەســتەی فــیچقە بکــات، وەک ئاشکراشــە نەخۆشیەکانی دەق هەمە چەشنن کە لێرەدا بە پێویستی نازانم تیشکی لێدوانەکەمی بخەمە سەر.

سـنوور بەزانـدن بەتەواوی ماناکـانەوە لە مەملەکەتـی چـامە شـیعردا، ئەوە ئەزمـوونی شـاعیرەکە دەردەخـات، بانگەشــەی وەرچەرخــان دەکــات، دەقێــک بارگــاوی نەکرابوو بە میتۆلۆژیـای عیشق و میتـافیزیقی مۆنۆلـۆج و تەکنیکەکانی دیکەش، ئەوە بەدەر لەو چوارچێوەی کە

ئــێمه گەرەکمـــانه. چـــۆن دەقێـــک دژی ئەو زەمەنه ناشیرنەی کە هۆنەر ڕۆژگار بە شـەوگار و شـەوگار بە ڕۆژگار دەلکێنێت نەوەستێت، ئەو دەقە هەر لە سـەرەتا خۆی بانگەشەی پووچ بوونی خۆی دەکات. ئەگەر دەقی هەر هـۆنەرێکیش هەر لەسـەرەتاوە خۆی دیلی ڕۆژگار گەلێکی(ئۆردووی جان) بـوو دەبێت، هەر زوو فـاتیحەی بـۆ بخـوێنن و دەستنوێژی ئایندەی بـۆ بـشۆین و دوو ڕکەعـات نـوێژی جوانیەکـانی بـۆ بکەیـن، گەلێـک جـار لەسـەر خـوانی گفتوگـۆی ئەو زمـانەی کە شـاعیر پێـی دەدوێ و لەگەڵا ئەو زمـــانەی کە پێـــی دەنووســـێت قــــسەگەلێکی زۆری لێـــــدەکەوێتەوە، وەک کــــورد دەڵێت((ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێت)) قسە گەلێک لە تەواوی ووتارەکانــدا خــۆی وورژانــدووە و قــسە گەلێکـی دیـکەش خـۆی مەڵاس داوە، چـۆن هـیچ کارێـک لەم ژیانەدا بڕوا ناکەم سەد لەسەد بێت، چـونکە هەمـوو کارێک لەهەر بوارێکدا کەلێنێکی تێدایە کە ئەم کەلێنەش پەیوەستە بە خودی ئەو کەسـەوە کە بەکـار و پڕۆژەکە هەسـتاوە، واتـا: ئینـسان دەتوانێـت ڕەخـنە لە خــودی خــۆیەوە بگرێـت تـا دەگـاتە تەواوی ئەو شـتانەی کە وجـــودی هەیە لە دەوروبەر بگرێـــت، جـــگە لەو

خوداوەنـدەی کە دەیپەرسـتێت کە ڕەنـگە هەر مـرۆڤە و بەشـێوازێک و بیرورایەکـی تـایبەت بڕوانێـت و بیـر لەو چەمکە هەستیارە بکاتەوە. با چیتر دوورنەکەوینەوە لە کرۆکی مەبەستەکەمان پێویستە شاعیر یاخود نووسەر بە زمانێکی پاراو لێو ڕێژ لە ڕاستەقینەی نێو خورافات بنووسـێ، چـۆن ئەو شـاعیر و نوسـەرانەی کە فـێلأ لە نووسـینی خۆیـان دەکەن، ئـۆردووی جـانێکی گەمـژەن!، نەوەک شاعیر و نوسـەر، چۆن ئەگەر شـاعیر بە زمـانی درۆ هـاتە دوان، یـاخود نوسـەر لە هەر بوارێکـدا ئەوە چاوەڕێی هەموو شتێکیان لێبکەن، تەنها داهێنانێکی نەمر نەبێت، ئەگەر هونەرێک خۆی لەنێو سێبەری حیزبێک، یاخود دەسەڵاتێک حەشاردا خۆی موتووربە کرد، بەبێ سێ و دوو جارانی سفری بکەن، چۆن ئەو زمانەی کە شاعیری ڕاستەقینە پێی دەنووسێت، لە ڕووی پیرۆزی واتـــای نـــاوەڕۆکەوە دەبێـــت بونیـــاد ئـــامێزی ســـانتمانتالیزمیەکان بێـت و بەدەر بێـت لە کۆمەڵێـک دەسـەڵاتی خێڵەکـی و دەسـەڵاتەکانی دی؟! واتـا کـۆپی کـراو نەبێت و خـۆی دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆی کـارای نێوکـــار و پـــڕۆژە و بۆچونوونەکـــانی بێـــت، نەک بە کۆنترۆڵی جۆکەر بگۆڕدرێت.

هەر بـۆیە ئەو دەسـەڵاتەی کە زمـان هەڵـدەبژێرێت تاسـەر ئێسقان سەربەستە، هەر لە هەڵبژاردنی فۆڕمە تایبەتمەندیەکان و بۆچوونە ڕەنگاڵەکانی و ئەندێشەی بارگـاوی تـایبەت بە خـودی خـۆی سـتایڵی جیـا و بەکارهێنـانی زاراوەکـان و تـایبەت بەخـۆیی و شـیعری خۆیی و خوداوەندی خۆی، خۆ لادان لەو ناوەندەی کە دەسەڵاتی ڕێزمانێکی بزمار ڕێژ بەسەری دەسەپێنێت و گەمە کردن بە پەیڤەکان و بارگاوی کردنی وشەکان و قسەیەکیش لە دواماهی تەواوی وتارەکان دێتە بوون، کە دەبێت شاعیر بە زمانی دایک بنوسێت؟!. پێویستە هەموومـان ڕەخنە لێک بگرین، وەلێ لەو کاتەی کە لەمانـای پیـرۆزی ڕەخـنە گەیـشتیت، چـۆن ڕەخـنە وەرچەرخـانە و ستایـشیش قەتیـسمان و لەخۆبـایی بوون!، بەو مانایەی کە ئێمە ئاماژەمان پێدا، دەکرێ ئەو حەقە بـدەمە پێنووسـەکەم و بنووسـێت کە سـەردەمی ستایش بەسەر چوو.

((تـۆ دەتـوانی بە قـومێ مـاچ بمخەیـتەوە هەڵقـوڵین))
ئەمە ناونیشانی بەرهەمی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ە کە بەڕێـزی لای وایە پێکـدێت لە شـیعرو پەخـشان، وەلـێ

لێـرەدا دەبـوایە ئامــاژەی بەوەش کردبــا، کە لە چــامە شیعرو پەخشانە شیعرو پەخشانە نامەش پێکدێت.

چـۆن لە هەنـدێک پەخـشانەکانیدا بە زمــانێکی نــامە ئامێزو وتارە پەخشان دەورووژێت، نەوەک پەخشان *، بە تــایبەت ئەو پەخــشانە تایبەتیــانەی کە ئاراســتەی کەســایەتیەک کـراون، ئەوەی ســەرەوە کە وروژانـدم تەنیــا لە کانیــاوی (شــیعر و پەخـشان) دەرمهێنــاون و ڕێچکەیان کردووە.

ئەو کــاتەی لە بەردەم ((تــۆ دەتــوانی بە قــومێ مــاچ بمخەیــتە هەڵقــوڵین)) دا کڕنۆشـــم بـــۆ خوداوەنـــدی توێژینەوەی جوانییەکان برد، زانیم شێرکۆ بێکەس ژیان و مەرگـــی میتۆلۆژیـــای دەق و بـــوون و عەدەمـــی میتافیزیقی ئەودیوی دەقی پێکەوە لکاندووە، بۆیە هەر زوو زانــیم لەبەردەم دەقێکــی پــڕڕێگەو لــق و پۆیــدا وەستاوم و ماندووم دەکات بە دوای خۆیدا، بۆ ئەوەی کە "من" ی خۆم کاتێک فەنا دەبێت بە نێو خۆمدا، خۆم بــدۆزمەوە، بە ئــارامی هەنگــاوم نــا، چــۆن ئــارامی بەهەشـــتی بەختەوەریـــشە، پێویـــستە ئەو ڕاســـتییە بدرکێندرێت، کەروێشکە دەقی شێرکۆ بێکەس بە هەموو تــاژیەک ڕاو ناکرێــت!، ڕەنــگە مــن نەم توانیبێــت لەم

لێدوانەمدا دەستم لە کەمەری بۆچوونەکانیشی نەدابێت، چۆن ئەگەرهەمووومان وەک یەک بیرمان کردەوە، با یەک لە جیاتی هەموومان بیر بکاتەوە، ڕەنگە ئەوە لە هەموو ئینسانێک جورئەتی ئەو وجود بوونی نەبێت. وەلێ ئینسانێک خاوەن مەعریفە و عەشقێکی سەراسیمەی جوانییەکان بێت و ڕاستەقینە چەشنی خوێن بە شادەمارەکانی هاتوو چۆ بکات، هەمیشە ڕێگەی جیا دەگرێت! جیا لە بەرامبەرەکەی.

**((هەندێ جار لە شیوەنەوە زەماوەند دێتەدەرێ لە هۆن هۆنی فرمێسکدا پێکەنین ئەپشکوێ)). ****

لە ڕووی هاودژکردنی بۆچوونەکان و گەمەکردن بە ماتماتیکە میتافیزیقی هۆنەری(( تۆ دەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین))!! نەیتوانیوە بەو گەمە کردنە فەنتانیازیا ئامێزە دەستی بگاتە هەورەکانی فەلسەفەی نۆستالیژیای بۆچوونەکانی، واتا لەنگییەک بە هاوسەنگی دەقەکەوە دیارە" لە هۆن هۆنی فرمێسکدا پێکەنین ئەپشکوێ،، تەواوهاوسەنگی دەقەکە لە بار دەبات، چۆن لە هۆن هۆنی فرمێسکدا نەک پێکەنین هیچ شتێک ناپشکوێ کە هاو دژی فرمێسک بێت، ئیدی هی ئاماژەش نییە بۆ ڕووەکەکان کە" ئەم" پشکوێت، وشەی"

ئەپشکوێ" زیاتر بۆ ئەم ئاماژەیە دروستترەو شیاوە! دەکرا" شێرکۆ بێکەس" لەم دێرەدا پەیڤی" نەمام"ی بەکار هێنابایە، وەک/ لە هۆن هۆنی نەمانی فرمێسکدا پێکەنین ئەپشکوێ / کە ءشەی" نەمام" ئاماژەیەکە بۆ بۆچوونەکەی و هەروەها پارێزگاری لە هاوسەنگی دەقە لەنگەکەش دەکات و تروسکەی بۆچوونەکانیش ڕەونەقدارتر و درێژتریش دەکات.

گەلێک جار شاعیر لە نێو تەمومژی بۆچوونەکان و فەنتازیای ئەفسانەیی و فەنابوون لە خورافاتی سانتمانەتالیزمدا خۆی لە بیر دەکات و لە نێو ئۆقیانوسی بۆچوونەکاندا نغرو دەبێت، کەئەمە زۆر جار وەها لە شاعیر دەکات، لە ئاماژەی شتێکدا، شتێک دەکاتە قوربانی!، واتا لە بەخشینی مانایەکدا مانایەک دەکاتە بەلاگێر، ئەوەتا ( بارزان هەستیار)کە ئەویش لە نێو ئەم مۆتەگە بیرۆکانەدا لای وایە"هەنار" لە بێستاندەڕوێت و سەر بە بەرو بوومەکانی بێستانە. هەنار لە بێستان ناڕوێت و بەرهەم نایەت، بەڵکو بێستان گندۆرە و ترۆزی و شەمامەی لێ بەرهەم دێن، هەناریش لە باخدا کە شاعیری خۆشەویست بەم چەشنە نووسیویەتی ((لێوڕێژین لە درۆی باڵدار/ کە

ئەمانەویٚت دوگمەی کراسەکەمان بترازیٚنین و /" ڕاستی"
ەکان وەک هەنار لە بیٚستانی سییەکان بەربینەوە ****.

هەروەها لەناو هەمان چوارچیٚوەی ئەم بۆچوونەدا بەڕیٚز (عەباس عبدوڵلا یوسف)بە کورتە چیرۆکی (چایخانەی ناو تەکسی) دا نووسیویەتی((بڤەیە بیکەی لەچیٚوە هاوکات شویٚنی هەموو بیٚستانەکان بزماردار دەبن)).*****

من نامەویٚت لەسەر باڵی هیوامانیزمی پیاسە یەک بکەم. وەلیٚ زۆرجار نووسین خۆی ڕیٚگەی خۆی دەگریٚت و بەدوای یەکدا دەڕوات وشەکانی. عەباس عبدولا یوسفی خۆشەویست کە ئەویش لای وایە شووتی لە بیٚستان بەرهەم دیٚت! هەروەها لەنیٚو هەمان کورتە چیرۆکەکەی ناوبراودا هاتووە((ۆهەندەک کەس دیٚنە پیٚش چاوم، چۆن خۆ دەکوژن، خۆ داویٚنە ناو ڕووبار)). *****

ئیٚمە لە تاریکی دنیا دییٚنە ناو دنیا و دواتریش بۆ نیٚو تاریکی، واتا مرۆڤ لە بوونەوە دیٚتە بوون و دوا ویٚستگەش بۆماڵی فەنا بوونی ئەبەدی. وەلیٚ خۆکووشتن هۆکارەکەی خۆ هاویشتنە ناو ڕووبار نییە،

دەکرێت بڵێین(( هەندەک کەس دێنە پێش چاوم، چۆن خۆ دەخنکێنن، خۆ داوێنە ناو ڕووبار)).

دەکرێت لێرەدا بنووسین بارزان هەستیار و عەباس عبدولا یوسف چەشنی بنووسی " تۆ دەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن" هونەرێکی فۆرمالیست نین، وەلێ تەنها لەو لقەدا تا ڕادەیەک ئەو هاوبۆچوونە خۆی مەڵاس داوە، کە ئەمەش نیگەرانی و بێزار بوونی خود و.....هتد. کە ئەم دەستەواژانە زیاتر هونەرە لێک دەلکێنێت. ئەگەر شاعیرێک بەخەمەکانی خودی خۆیی و دەوروبەرەکەیی و ژیان ئاوس نەبێت، خامەکەی ناتوانێت شیعرێک بە تەواوی ماناکانیەوە شیعر بەرهەم بێنێت،وەلێ من بۆچوونێکی دیکەم هەیە بۆ ئەوەی کە دەگوترێت ((شاعیر بۆ خۆی دەنووسێت))، کە ئەم دەستەواژەیە جگە لە بۆچوونێکی چرووک هیچی تر نییە! چۆن ئەگەر شاعیر بۆ خودی خۆی بنووسێت، بۆچی بەرهەمەکانی لە ڕووپەڕی بڵاو کراوەکان بڵاو دەکاتەوە؟ ئایا لەنێو خەمەکانیدا هاوبەندی خەمەکانی کۆمەڵگەی پێوە بەند نییە؟ ئایا ئەویش تاکێک نییە لەو

کۆمەڵگایە؟ تێناگەم بۆچی شاعیر گەلێک درۆ لەگەڵ خودی خۆیان و خوێنەرەکانیان دەکەن!

**((پیرەدار توویەک بە دەستی باپیرە گەورە عالی بەدرخان نێژراو، لەو ماڵەدا. لە هۆدەیەکی تازە گەچکاری کراوی سەر دوو دەریەکی ئێسک سووکدا)).** ******

لەسەر شیعر پێویستە واز لەو وشەیە بهێنێت کە دەقەکە نەزیف دەکات، یاخود شاعیر خۆی دوورە پەرێز بگرێت، ئەمیش بە ورد بوونەوەی زیاتر و تێرامانی بنیادنەرانە و بیرو ڕای جیاوازەوە، زۆر جاریش هەر خۆی چەشنی توێژینەرە وەیەکی ئەکادیمی لەنێو کۆلانەکانی ئەو شارە دەقەیەدا گوزەر بکات و ماڵە تەکنیکەکانی زمان و گەڕەکە بنیاد نەرەکان بەسەر بکاتەوە، ئەو فەزایانەی کە لێشی بێ ئاگایە ئاگادار بکەوێتەوە و وریایانە مامەڵە لەگەڵ بکات. واتا شاعیر هەر خۆی ڕەخنەگری خودی خۆیەتی.

شێرکۆبێکەسی شاعیر کە لەم دەقەدا دەڵێت((لە هۆدەیەکی تازە گەچکاری کراوی جیا لەوەی هونەر زیادە گۆی لەوەدا کردووە))، وەک دەشزانین زیادە گۆیی و دووبارە کردنەوەی چەمک و بیرۆکە و

بۆچوون و یەک تابلۆ لەزەتی شیعر ناهێڵن، کە شاعیر لەم دەقەدا دەنووسێ((هۆدەیەکی تازە)) یەکسەر بیرمان وا دەڕوات کە ئەم هۆدەیە تازەیە وگەچکراوە، پێویستی نەدەکرد ئاماژە بەوە بدات کە گەچکاری و گەچکراوە، وەلێ مەبەستی زیاتری کرۆکەکەم ئەوەیە کە گوتت گەچکاری ئەو ئاماژەیە مانای تەواو دەگەیەنێت کە هۆدەکە تازەیە، وشەی (کراوی) کە پەیڤێکی زیادە و هاوسەنگی دەقەکەشی نەهێشتووە. چۆن گەچکراوە- گەچکاری- هۆدەی تازە، لەڕووی واتاوە هیچ مانای جیا و خەسڵەتی جیاواز نادەن بە دەستەوە، ئایا دەتوانین بڵێین لە نووسیندا گەچکاری کراوی، کە ئەمە دەستەواژەیەکی هەڵەیە و لە ڕووی ڕێزمانیشەوە هەر هەڵەیە، کەوایە هەموو ئینسانێک شایستەی هەڵە کردنە و ئەوەی هەڵەی نەکردبێت بوونی نییە لە ژیاندا، ڕێگەی هەڵە کردن و دەرئەنجامەکەی دەمانگەیەنێتە ڕێگەچارەی ڕاستەقینە، یاخود لە هەر هەڵە کردنێکدا ڕاستەقینەیەک خۆی لەناویدا حەشار داوە. ئەوەی کە زۆر خۆی دەداتە بەر دیدی ئەو ڕاستەقینەیەش (تاک) و (کۆی) وشەکانە. هەتا هەنووکەش نووسەرگەلێک بەم پەتایە دەناڵێنن تاک و کۆی وشەکان بۆتە پەتایەک و

گەورە و بچووک، بە ئەزموون و بێ ئەزموون ناناسێ، ئەوەتا ئەمجارە (سورخی) لە شیعری (گیان شاردنەوە) دەنووسێت:

**((ڕۆژێ دێ، لە پەنجەرە سەر دەردێنێ/ گیانم بووە بە شێرە بەفرینە و چاوەکانم نەماوە)).*******

ئەو ئینسانانە چەند مەزنن کاتێ مردنیان ژیان بەدلأ بۆیان دەگریەت، یاخود دوای مردنیش بەرهەمە بەپێزەکانیان هەر لەلامانن و خۆیان بە ڕۆح مردوون و بەبەرهەم و کارەکانیان نەمر و بە نەمریش دەمێننەوە. سورخی شاعیر لەچیای لێژی تاک و کۆ وشەکاندا تووشی هەڵدێران هاتووە، وەک لە کۆتایی دێرەکەیدا نووسیویەتی ((چاوەکانم نەماوە)) کە چاوەکانم نەماون درووستە، چۆن پەیڤی چاوەکانم کۆیە و پەیڤی نەماونیش هەر کۆ. وەلێ وشەی نەماوە سەر تاکەوەیە و تاکە. کەچی وشەی ( چاوەکانم ) کۆیە، نامەوێت لە خوێندنەوە و لێدوان لەسەر (تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین) دوور بکەومەوە.

وەلێ ڕێچکە نووسین وەهایە کە زۆرجار دەورووژێت ئەوانەی دەکەونە بەردەمی ئەوانیش دەگرێتەوە، کێشەیەکی دی زەق هەیە لەناو ئەدەبدا کە

ئەویش دیاردەی ناوچە و ناوچە گەرییە، زۆر جار وشەیەک لەناوچەیەک بەکاردێ لە ڕووی واتا و ڕێزمانییەوە نادروستە، چۆن لەدێرەکانی، یاخود دەستەواژەکانی ئەواندا مانا نادات بە دەستەوە، ئەگەر ئەم دەقەی ئەم وشەیەی تێدا بەکار هاتووە وەربگێردرێتەوە سەر زمانی میللەتێکی دیکە، ئەوە بێ شک دەقەکە جوانیەکەی لەبار دەچێت چەشنی ئەم دەقە((تەختەی ڕەش دەڵێت: سوپاس مامۆستا کە ئەمەت لەسەر نووسیم و ئەوەندەت کوژانمەوە، بۆ ئەوەی زۆرتر بزانم و زووتریش داگیرسێمەوە!))********

هەروەک ئاماژەم بەوەدا کە لەم دەقەدا شاعیر بە زمانی ناوچەکەی خۆیان دەدوێت، کە ناوچەی سلێمانییە، کە لەنووسینەکەیدا نووسیویەتی (کوژانمەوە) کە ئاماژەیە بۆ تەختە ڕەشەکە، وشەی کوژانەوە زیاتر بۆ گڕ و ئاگر و ئەوانەی سەر بە ئاگرن دروستە، کەچی شاعیر خۆی مەبەستی سڕینەوەی تەختە ڕەشەکەیە.

کەوایە تەختە ڕەشەش گڕی تێبەر نەبووە، تاکو بکوژێتەوە بە بێ هیچ ئاماژەیەکیشی بۆ گڕ تێبەر بوونی ئاگر، بەڵکو خاڵی مەبەستەکەی سڕینەوەیە، کە هەر ئەم وشەیەش دروستە کە شاعیر بەردەوام بووە

لەســـــەر ئەم بیـــــرۆکە و لە کۆتـــــایی دەقەکەشـــــدا نووســــیویەتی ((داگیرســــێمەوە))، کە ئەمەش درێـــژە پێدەری هەمان مەبەستە نادروستەیەکەیەتی.

وەلێ نابێت شاعیرێک چەشنی ئینسانێکی خەیالأ ئالأ بیــر بکــاتەوە. نامەوێــت خــۆم بە تەنــافی ڕەخــنەی ســـپێکتیزم هەڵبواســـم، کە دڵنیـــام دوا وێـــسگەکەی لە بەڕائەتیەکـانی جـوانبینی و شـــەبەنگی نـــووری عیـشق دوامــاهی دێـت، وەلــێ تـا ئەو پەڕی مەسـتی عیـشقی هیومــانیزمی بــنج و کەلێنەکــانی شــیعرن، نــازانم بــۆ هەمیشە خوداوەندی ئەدەب پێم دەڵێت: زیاتر ڕابمێنە و زیـاتر لە زیـاتری بیـر بکەوە ! لە فەلـسەفەی نیچڕالیـزم دیارە خوداوەند پێمان دەڵێت : بیر کردنەوەی جیاواز و قووڵبـوونەوەی نۆسـتالیژیانە لە شـیعردا بە تەمەن نییە، بەڵکو ئەنجامی بیرکردنەوەکانی شـاعیر خۆیەتی. وەلـێ کاتێـک مەهـێڵن مەڵبەنـدی بیـر کردنەوەتـان ببێتە دیلـی بۆچونێک، بەڵکو هەمیشە بۆچوونی دیلی ئەم مەڵبەندە بێـت، ئەوە وەک بنووسـی" تـۆ ئەتـوانی بە قـومێ مـاچ بمهەیـــــتەوە هەڵقـــــوڵین"، کە لە دەقێکـــــی دیکەیـــــدا نووسـیویەتی((ژوور پـڕ ئەبـۆوە لە جـوڵەی دەنـگ و جەستە)). *********

که شاعیر لەم دەقەدا بۆتە دیلی بۆچوون، چۆن دەنگ جوڵەی نییە و ژوور پڕ ناکاتەوە لە جوڵە، بەڵکو ژوور پڕ دەبێتەوە لە دەنگی گۆرانی و مۆسیقا و خۆشی. هتد. بەر لەوەی پێنووسەکەم لەرزۆک بگرێت بۆ دواماهی لە خوێندنەوە و پیاسە بەنێو ڕامانەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا، من لە دەرئەنجام وەهام خوێندەوە و بەرچاوی بۆچوونەکانم کەوت، کە شاعیر نەیتوانیوە شتێکی مۆدێرن و نوێخواز پێشکەش بکات، وەلێ دەشێت ئەوە تەنها بۆچوونی من بێت و بەس، چۆن من چێژی خوێندنەوەم زیاتر لە بەرهەمەکەکانی دیکەی کردووە، ناشێت لە نووسیندا خۆمان دووبارە بکەینەوە، یاخود بەرهەمی تازەی بێ نوێخوازی بە نوێبوونەوە و نوێخوازی بخەینە بەر دیدی خوێنەران.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١. تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین: شیعر و پەخشان- شێرکۆ بێکەس لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە(٥٦١) چاپی یەکەم ٢٠٠٧ هەولێر ل ٦٧.*

٢. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٠.**

٣. ساڵێک لە نیگەرانی – قەسیدە – بارزان هەستیار- لەبڵاو کراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٦٩٥) چاپی یەکەم ٢٠٠٨ هەولێر ل ٤٤.***

٤. جوایەز (٢) سەرپەرشتی عەباس عەبدوڵلا یوسف لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژ(٩٩) چاپی یەکەم – ٢٠٠١ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ل ٧٨.****

٥. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٠.*****

٦. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٨. ******

٧.    گیان شاردنەوە – سورخی – گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٨. ********

٨.    بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک ل ٢٠٩.
********

٩.    بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک ل ٢٦٣.
*********

# گومانەكانی شاعیر لە ئیستاتیكای شیعریەتیدا

كتێبـــی ((هـــونەری شـــیعر)) ی ئەرســـتۆ یەكەمـــین ســـەرچاوەیە لە مێـــژووی ئیـــستاتیكای شـــیعردا، كە بە شێوەیەكی مەعریفی وردی یەكێتی بابەتیانە ڕۆشنایی خـستۆتە سـەر مەسـەلەكانی ئیـستاتیكا، ئیـستاتیكا لە گشت ڕەهەندێكەوە بۆ تەلاری شیعر پێویستە، شیعر بەبێ بوونی ئیستاتیكا تەلارێكی ڕووت و دزێوە، شاعیر گەلێک لایان وایە ئیستاتیكا پەیوەندی بە ئیلهامەوە هەیە ئەو ئیلهـامەش لایـان وایە ئیـستاتیكا پەیوەنـدی بە ئیلهـامەوە هەیە ئەو ئیلهـامەش پەیوەسـتە بە حـاڵەتێكی خـودایی، وەلـێ ئیـستاتیكا ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بە مەعـریفەو دیـدی شـاعیرەوە هەیە، ئەوەنـدە كـاری بە بەهرەكەوە نییە، مومكینە شاعیر پێوستی بە بەهـرە بێ بەو واتایەی كە بەهرەكە لە لای هەمووان وا كەوتۆتەوە خودا پێی بەخشیوە.

وەلێ ئەو بەهرەیەشی بە تەنها بەس نییە تەنانەت پێویستی بە پەروەردە کردنی هەموو لایەن و یەکێتی مەعریفی هەیە، ئەوانەی تەنها شاعیر بوونیان بە بەهرەوە موتووربە کردووە، لە لایەک ناتوانین ڕێبازە ئەدەبیەکانی زیندووی دونیادا هەنگاو بنێن و خۆیان لەگەڵ ستایلە نوێیەکان بگونجێنن، لە لایەکی تریشەوە لە خەیاڵ گەلێک جێگر دەبن کە بەندە یادگەی ئەو خەیاڵەی کە لە نێویدا پوکاوەتەوە، هەر بۆیەشە ناتوانن لە ئایندەدا خاوەن جیهانبینی تایبەتی خۆیان بن، مەمکینە بەر لە دایک بوونی شیعر، شیعریان بکرێت یاخود لە رەحمی شاعیر بوونیانەوە کۆرپەی شیعریان بە ئیفلیجی لە دایک ببێت، دەشێ ئیستاتیکا تا ئەندازەیەکی سەرەتایی لە شا دەمارەکانی نووسیندا هاتو چۆیان کردبێت، وەلێ ئیستاتیکاش بەندە بە بەردەوام بوونی خەیاڵگیری شاعیرەوە ئەو خەیاڵگیریەش لە هەڵومەرجی بوونی ناوەوەی شاعیر سەرچاوە دەگرێت، هەندێک پرۆسەی نووسینیان پەیوەستە بەو سیستەمەی کە وونی ئەوپەری پەروەردەکردووە لە دواجاردا پرۆسەی نووسین بەر لەوەی کردوەیەکی ئەخلاقی بێت، کردەوەیەکی تەواو

مرۆییە، کردەی مرۆیش بەدەر نیە لە ئەخلاقەوە، بۆیە شاعیری کۆپی نەبوونی شیاوترەو شتێکی زیادە، شاعیر ئەگەر لەهەر بارودۆخیکدا توشی تەمبەڵی بیرکردنەوە و نەبوونی چەمکی ئیستاتیکاو نووسین هات پێویست بەوە ناکات، ببێتە توتی چۆن لە دیدی فروغی فروخزادەوە شاعیر ئەگەر شتێکی بۆ گۆتن پێنەبێ باشتروایە بێ دەنگ بێ، دەکرێ زۆر جار بێ دەنگی بە خۆی ئیستاتیکا یەکی جوان بێ چۆن زمان زۆرجار لە نێو پرۆسەی ئیستاتیکادا پێچەوانەی خەیاڵە، زمان لەتوانایدا هەیە لە بارەی شتەکانەوە قسەمان بۆ بکات با لە بیرمان نەچێت پێویستی بە تێگەیشتنە، وەلێ خەیاڵ بەدەرە لەمە، شیعر ئەوەندەی خەیاڵی لا گەرەکە مومکین نیە تێگەیشتنی گەرەک بێ، شاعیری جاویدانی هەمیشە چەشنی مەلێک لە خەیاڵدا گوزەر دەکات چۆن خەیالی گەرەکە مومکین نییە و نابێ تێگەیشتنی گەرەک بێ بۆ ئەوەی ئەوەی لەمێشێک یەتی بیپێکێت نابێ ئەوەش نەلێن کە هەموو دیمەن گەلێک لە ژیاندا لاسایی کردنەوەیە، وەلێ لاسایی کردەوەش جوایەزبوونی گەرەکە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی خۆی لە خۆیدا لاسایی کردنەوەی سروشتی ئەو راستەقینە پر

لەوەهمەیە کەبوونی شاعیر بە هەلومەرجەکەیەوە بەندە، شاعیری جاویدانی بە گومانەوە بۆ گومانبوون دەژێی، گومانبونیش دوا پلیکانەی حەقیقەتە، بۆیە گومان کردن دەســــتپێکی هەســـــت کـــردنە بە شــــتە جوانەکـــان بۆیەزۆرجارگومـان دەبێـتە بـاوکی داهێنانەکـان، ئەگەر شــاعیر بــۆنی گومــانی لە شــیعرەکان هــات دەشــێت چاوەڕێی داهێنانیشی لێبکەین و چۆن زۆرجار ئەدەب راســـــتەقینەیەکی پـــڕوەهمە و شــــیعریش وروژانــــی پرســیاروگومانە بەو مانــایەی کەوا شــیعر نــاتوانێ لە خەیاڵدانی شاعیردا دواجار مانایەکی جێگیر لە دنیایی خەیـاڵگیریەوە جێگیـر بکـات شـیعر هەر خـۆی زۆرجـار خــــۆ ســــەرقاڵکردنی لاســــایی کـــرنەوەی دیــــمەنە ناتەواوەکانەو بە دیار خستنی وێنە راستەقینەکانی ژیانە کە بە گومــانەوە تــابلۆیی ئیــستاتیکا رەنگیــان دەکــات، دەشــێ ئەوەی کە رەنگــی دەکــات ژیــان هەر خــۆی غەدرێکـی گەورەی لـێ کردبێت، یـاخود سیـستەمێک لە سیستەمەکان، هەردەقێک بە جۆرێ کاریگەری دەقێکی تری بەر لەخۆی لەسەرەوەیە، وەلێ جوانیەکە لێرەدایە کە کـاریگەری جیـواز بکەوێـتەوە، وەک چـۆن ناشـێت شاعیر لە زۆنگاوی هیچ سیاسەت و ستەمێکدا قەتیس

ببێـت. شـاعیری جاویـدانی ناشـێت له نێـو پرۆسـهی ئیـستاتیکادا بهووشـهکانی بتێـک سـاز بکـات و بـۆ ئهبهدیهت بیپهرستێت، بۆیه له نێو پرۆسهی ئیستاتیکای دهقـدا شـاعیر ههمیـشه دهبێـت بهگومـانهوه کـار له تهکنیکی ووشـهو خهیـاو نۆسـتالیژیاوچهمکهکانی تـری نووسـین بکـات، ئـاخر ههر گومـان کـردنه دهمـانگێنێته وێستگهی گومانێکی نوێتر.

# پرسیارە گومانگەرییەکان و گەڕان
# بەشوێن وەڵامەکاندا
## لەکتێبە شیعری (مردوویەک ئاگای لە هەموانە)

**دەروازە:**

ڕەگێکی سەرەکی شیعری جاویدانی دەگەڕێتەوە بۆ بنەما میتۆلۆژییەکان و گومانگەریی میتۆلۆژییەکانی ژینبوون، هەرلەم دیدگایەشەوەیە کە گومانگەریی میتۆلۆژییەکان لەناو پرۆسەی شیعرییەت پرسیارگەلی ئەزەلی و دوورگەی ئەفسانەیی دروست دەکەن، دیارە شاعیر ئەمانە وەک کۆڵەکەیەکی بەهێز و جێگیر بۆ بنیاتنای شیعر دروست دەکات و دەیەوێت لە تەواوی شتەکانی دەوروبەری زیاتر وردببێتەوە و گومانی زیاتریان لێ بکات،بەیەککەوتنی گومانیش پرسیار دەورووژێنێت، وەک چۆن ڕەگێکی سەرەکی شیعرییەت بۆ بنەما میتۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە، وەهاش گومانەمیتۆلۆژییەکان ڕەگێکی قووڵایی واقیعدایە

وبەردەوام ئەم ڕەگەی واقیعبــوونە قــووڵتر دەبێــتەوە، چــۆن لەســادەترین ناســاندنی میتۆلۆژیــدا، میتۆلــۆژی گەڕانە بەدوای واقیـع، شـیعریش جـۆرێکە لەجۆرەکـانی گەڕان بەدوایی دیوە نادیارەکان و دیوەکانی جوانبینی، لەپەیوەنــــدی نێــــوان هەردووک گەڕان و چەمکــــی گومانبردنـدا، لە دەرئەنجـامە گـشتگیرییەکانی ســەفەری ئەو گەڕانانەدا شتەکان گومانی زیاتریان دەخرێتە سـەر، دواجار ئەم حاڵەتەی گومانبردنە خۆی لە خۆیدا پرسیار و گەڕانە بە دوای وەڵامە ونبووەکان.

## ناوەڕۆک:

کتێبە شیعری ((مـردوویەک ئاگـای لە هەمـووانە )) بە پێنووسـی شـاعیر (( سـەباح ڕەنجـدەر ))ە،کە لە حەوت دەقە شـــیعر پێکهـــاتووە، لە تێـــپەڕی ئەم دەروازەدا دەمەوێـت لەبـارەی پرسـیارەکانی شـاعیرەوە بـدوێم و لەپــاڵ گەمەی گومانەکانیــدا ڕۆشــنایی بــخەمە ســـەر دیوەکـــانی تـــر وچەنـــد لایەنێکـــی تـــری دەقە شــیعرییەکان.وەلــێ دەمەوێــت ســەرەتا لە مانــشێتی

کتێــبەکەوە بخــزێمە نــاو پرۆســەی ڕاڤەکــارییەکەم، ئەگەرچی پێم وایە هەڵبژاردنی ناونیشان هەم بۆ شیعر و هەمــیش بــۆ کتێــب پرۆســەیەکی زەحــمەتە، ئــاخر زۆرجــار ناونیــشان کلیلــی دەروازەی چــوونە ژوورە، ئەگەرچــی ئەمــرۆ زۆرێــک ناونیــشانی زەق و بــریقەدار دەکەنە مانــشێتی بەرهەمەکانیــان بــۆ چەواشــەکاری خــوێنەران، وەلــێ ناونیــشانی مــردوویەک ئاگــای لە هەمــووانە، ناونیــشانێکە پڕ بە نــاوەڕۆکی کتێبەکەوەیە، ئــــاخر زۆرجــــار ناونیــــشان هــــیچ کۆنتــــاکێکی بە نــاوەڕۆکەوەنییە و لە هــیچ لایەنــێکەوە کۆنــابنەوە، واتە ناونیــشانەکە وەک چەکێکــی بەکارهــاتوو، بەکــارهێنراوە. ئەگەرچــی ناونیــشانی ئەم کتێبە (مــردوویەک ئاگــای لە هەمــــووانە) ناونیــــشانی هــــیچ کــــام لەم حەوت دەقە شــیعرییەی نــاوی نیــیە، بەڵکــو دێــرە شــیعرێکە لەنێــو شــــیعرەکانی ناویــــدا، ئەگەر بپرســــین ناونیــــشانی مــــردوویەک ئاگــای لە هەمــووانە بــۆ ؟ئەمە تەنیــا بە خوێندنەوەی قووڵ دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییە و پەی بەوە بەریــن کەشــاعیر تاچەنــد ســەرکەوتووبووە لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکە.

لەدەستپێکی کتێبەکەدا (سەباح ڕەنجدەر )لەبارەی بە توانا کردنی شیعر و کەڵەکەبوونی ئەزموون و زمانی شیعر وچالاککردنی هەستەکان وپرۆسەی شیعرییەت و چەند ڕەهەندێکی تری تایبەت بە شیعر دەدوێت، لە پێشەکییەکەی (**شیعر و چالاککردنی هەستەکان** ) دا، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە گوزارشت لە شیعرەکانی ناویدا بکات، زیاتر وەک وتارێکی ئەدەبی شاعیر چەند ڕوانینێکی تایبەتی لەبارەی پرۆسەی شیعر و ئەزموونی شیعرییەت خستۆتە ڕوو، هەرچەندە من لەگەڵ پێشەکی نووسینی شیعردا نیمە، ئاخر زۆرجار خوێنەری سادە و بەشێکی زۆری خوێنەری ناوەندیش بەهەمان ئەو تەفسیرە ی کەوا لە پێشەکیەکەدا بۆی کراوە، خوێندنەوە و ڕوانینی بۆ شیعرەکانی دەبێت،واتە بەهەمان ئەو دیدگایەوە دەخزێتە ناو فەزای دەقە شیعرییەکان، کە دەشێت ئەمجۆرە خوێنەرانە بەو شێوەیە قورمیش بکرێن، هەرچەندە ئەم ڕاگەلەی کەوا لە پێشەکیەکەدا شاعیر خستوویەتییە ڕوو گشتگیرە و بارگاوی کراوە بەئەزموونی خۆی و شێوازی خۆیەوە، وەلێ ناشێت وتارێکی وەها لە جیاتی پێشەکی لە کتێبە شیعرێکی وەهادا کۆبکرێنەوە، چۆن من پێم وانییە هیچ

پیوەنـــدییەکی بنەڕەتـــی و بنچینەیـــی تـــایبەت بە دەقە شـیعریەکان لێکیـان کۆبکـاتەوە، خـاڵێکی تـر لە وتارەیـدا (بۆیە نووسیم وتار، چونکە من وەک پێشەکی ئەو ئەو دەقە شـــیعرییانە نـــابینم)ئەوەیە، ســـەباح ڕەنجـــدەر لە دەربڕینێکدا تووشی دووفاقیەتی گومانبردن و هەڵخزانی قـسەکردن دەبێـت و لە نێـو پێکهـاتەیەکی هـاوبەش و بنەڕەتـــدا خـــۆی جیادەکـــاتەوە، کە دواجـــار ئەم جیـابوونەوەیە هەرلەهەمـان وەرچەرخـانە فکرییەکانـدا دەیهێڵێـــتەوە، کاتێـــک ئامـــاژە بەوە دەدات و دەڵێـــت :((**شـــیعردەربڕینی گیـــانی ســـەردەمە، مـــن خـــۆم ئەم بۆچوونە جیادەکەمەوە و ڕایدەگەیەنم شیعر دەربڕی هێز وگیانی سەردەم نییە، چونکە پێکهێنەری هێز و گیانی سەردەم کۆیە و شیعریش هێز و گیانی تاکی جوانیبەخشە**))، لێـرەدا شـاعیر ئەم لایەنـانە فەرامـۆش دەکـات کە ڕاسـتە شـیعر دەربـڕی هێـز و گیـانی تـاکە کەســـە،وەلێ هێـــزوپێکهێنەری سەردەمیـــشە، ئـــاخر شـاعیری جواننـووس و خـاوەن بەرهەمـی جاویـدانی لە گۆشـــەنیگا تاکەکەســـییەکەیەوە ســـەیری تەواو دنیـــا دەکات،لەبچووکترین خەمی خۆیەوە گەورەترین خەمی کـۆمەڵگەکەی دەنووسـێتەوە، کەوابێـت شـاعیر لێـرەدا

بۆچوونەکەی بەئاڕاستەیەکی خراپدا بردووە، تەنانەت ڕەتکـــردنەوەی بۆچـــوونی گـــشتگیری ســـەردەم، بە ڕەتکردنەوەی بۆچوونە تاکە کەسییەکەی کەوتۆتەوە، بـــۆ جـــوانترکردنی دووفـــاقیەتی ئەم خاســـیەت و فکرییەمیتۆلۆژییەکـــان پێویـــستمان بە پـــردی بە یەکگەیشتن هەیە، کەنییە ! کە کاری ئەم پردە دەربڕینە تاکە کەسییەکەی ڕەنجدەر، بەدەربڕینە گشتگیریەکەی سەردەم دەبەستێتەوە.

وەک ئاماژەمان پێدا گەڕانی شاعیر بەشوێن پرسیارە ونبووەکـانی و بـارگۆڕانە میتۆلۆژییەکـان و چەمکـی گومانگەریی لە دەقە شیعرییەکاندا بوونیان هەیە، کە زۆرجار بوونی ئەم حاڵەتانە ڕەنگەکانی شیعرەکە تۆختر دەکات و هەناسەی فەزاکانیش درێژتر دەکات، بێگومـان چەمکی گومـانگەریی پەیوەنـدییەکی ریـشەیی لەنێوان مردن و ژیاندا هەیە، لێرەدا شاعیریش بەهەمان ئەم گومانەوە ئاماژە بەم لایەنەدەکات و دەڵێت: **((ژیان و مردن / بردنەوە و دۆڕان نین))**.

پەیوەنـدی نێـوان ژیـان و مـردن پـڕە لە گومـان و پرســـیار و گەڕان بەشـــوێن وەڵامەکانـــدا، هەربـــۆیە شاعیریش ژیان ومردن بە بردنەوە و دۆڕان دانانێت و

ئەمانە ڕەتدەکاتەوە، ئاخر ناشێت نێوان ژیان و مردن بریتیی بێت لە بردنەوە و دۆڕان، لەنێوان ژیان و مردندا گەڕانــی هەمیــشەیی هەیە، مــادامەکێ گەڕان بــوونی هەبێت، دیسان هەست بە گومانبردنی شاعیر دەکرێتەوە و شاعیر بە گومانەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەرکی شاعیربوون و دەڵێت: ((**پەپوولەیەک لەسەر شانی فڕییە سەرشانی من**)). لێرەدا پێویستە بپرسین: بۆچی بەس پەپــوولەی سەرشــانی پێغەمــبەر؟ ئــاخۆ پەپــوولەی سەرشانی کام پێغەمبەرە ؟ بۆچی هەڵبفڕێتە سەرشانی شــاعیر ؟ئایــا حــیکمەت لەم هەڵفــڕینەدا چیــیە؟ ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیارگەلی تر لەبەردەممان قیت دەبنەوە، دیارە مەبەستی شاعیر، پەیامی شاعیربوونە، کە شاعیر لەم ڕەهەندەوە هەمان خاسیەت و ئەرکی پێغەمــبەرانەی لەســەر شــانە، دەشــێت شــاعیری جوانناوس جێگرەوەی پێغەمبەر بێت، ئاخر پێغەمبەر پەیــامی خــودایی لەســەر شــانە، شــاعیریش پەیــامی مرۆڤایەتی، بۆیە هەمیشە ئەرکی شاعیری جواننووس هەرچەند پیرۆز بێت، زەحمەتتر دەبێت !بێشک بوونی پەپوولەش هێمایەکە بۆ جوانی و بێگەردی، شاعیرلەم ئەرکە پێغەمــبەرانەیەی خۆیــدا بەگومــان دەبێــت و

گومانەکانی هێندە زۆر و قورس دەبن، تا دەکاتە ئەو سنوورەی کە پرسیاربکات و بلێیت :((ئەرێ مانگ/ لەزەماوەندی جاویدانی زمان ودڵ / چ شەربەتێک دە خورێتەوە)). ئەو زەماوەندی شاعیربۆ زمان ودڵ گەرەکیەتی مانەوە و هەمیشەییە، بۆیە بەدگومانە لەشەربەتەکەی،کەشەربەتی ڕاستگۆیی لەگەڵ زادەی ناوەوەی شاعیر خۆی، لەگشت شەربەتەکانی تر نەمرتر و مانەوەی زیاتر بەشیعر و تەمەن درێژی شاعیرەکە دەبەخشێت، شاعیر ئەمجارە ڕووی پرسیارەکانی بڵندتر دەکات و روو لە خودا دەکات و بە گومانەوە لەم بارەیەوە دەپرسێت: ((**ئەرێ خودا بۆ تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژاردووە**)).

خەڵوەتگەی پرسیارەکان و یاخیبوونی گومانەکانی شاعیر درێژتر دەبنەوە، بەهۆی ئەو گەڕانەی شاعیرەوە خوێنەر پەی بەوە دەبات، کە بە دوایی وەڵامە ونبووەکانەوە لە گەڕانێکی هەمیشەیی دایـن، لەناو پرسیارەکانیشدا هەست بە گومانبردنی میتۆلۆژی دەکرێت، لە پاڵ پرسیارە ونبووەکانیشدا پرسیارگەلی تر خۆیان مەلاش داون، بۆیە خەیاڵی شاعیر وەک

سـوپەرمانێک هەربەئاسـمانەوەیە پرسـیار دەکـات و دەڵێـت: **((ئەرێ باڵنـدە بەئاسـمانەوە چیـت پـێ دەڵێ))**.هەمیشە خوێنەری وردبین و هۆشیار پەی بەوە دەبات، هەتاکو شاعیر زیاتر بگەڕێت گومانی زیاتری لەلا گەلاڵە دەبێـت،کە گومانیـشی لەلا گەلاڵە بـوو، گومانەکـانیش بەسـەر یەکەوە کەڵە کە دەبـن و لە دەرئەنجامی بەریەککەوتنیانـدا پرسـیار دەورووژێـت و گومانەکـانیش پرسـیاردەکەن: **((لاپەڕە نووسـتووەکانی هەڵدەنەوە))**، **((بەرد ئێسکی زەوییە))** .لێرەدا دەمانەوێت نـاوەوەی دەقەکە زیـاتر هەڵبـدەینەوە و بە دیـدگایەگی فراوانتر لێی بڕوانین،بۆیە ناشێت بەرد ئێسکی ڕاستە قیـنەی زەوی بێـت، لە کاتێکـدا کە شـاخ و کێوەکـان بوونیـان لە زەویـدا هەبێت،شـاخ و کێوەکـان ئێـسکی ڕاسـتەقینەی زەویـن، پێم وایە شـاعیر بەوشـەی (بەرد) فەزای دەقە شیعرییەکەی بچووک کردۆتەوە.

شاعیر واز لە پرسیار ناهێنێت، لەم سـەفەری ژیانەیدا هەر سەرقاڵی گەڕانە، گومان دەبات و گومان دەهێنێت، گومـان لە دەورو بەری دەکـات، گومـان لە ئاسـمان و زەوی دەکات، گومان لە شیعر و وشـە دەکات، گومان

له خەیـــاڵ و واقیـــع دەکـــات، لەپـــاڵ هەمـــوو ئەم گومانانەشەوە دەپرسێت و ناگاتە وەڵامیش ! نازانیت و عەودالّە بۆ زانین،کەی دەگاتە وێسگە ئەو گەڕانە ناچار شعیر پرسیاردەکات: **(( ئەریٚ بۆ بەس خودا دەزانیٚ بە هەشت لە کوێیە ؟))**. شاعیر پەرت و بڵاو و پەرتەوازە دەبێت، لە بەربەدگومانی پرسیارەکانی بۆ کۆناکرێنەوە سـەر یەک، کەئەمە پەخـش بـۆتە لە تەکنیکـی وێـنە شـیعریەکانی شـاعیردا، کە هەسـت بەوە دەکرێـت دروسـتکردنی وێـنەی جێگیـر و وێـنە جولاوەکـان، لە شـیعرەکانیدا بەهـۆی پاڵنـانی وشـە بە وشـەوەیە، ئەم پەرتەوازەبوونەی شاعیر ناونیشانی کتێبە شیعرییەکەی (مـردوویەک ئاگـای لە هەمـووانە) پرشـنگدارتردەکات، وەک لە دەستپێکەوە ئاماژەمان پێیدا: مانشێتەکە پڕ بە نـاوەڕۆکی کتێـبەکەوەیە، ئـاخر هەر لە ناونیـشانەکەوە خوێنەر هەست حاڵەتی گومانگەریی دەکات، کە دوجار یش ئەم هەستە هەم لای شاعیر و هەمیش لای خوێنەر هەر بەو ئەنـدازەیەوە دەمێنێـتەوە، کاتێـک شـاعیر لەم گەڕان و سـوڕانەیدا بەئەنـدازەیەک بەنێـو گومانەکانیـدا پەرتەوازە دەبێت، کە پرسیارەکانی بۆ ناخرێنە سەریەک و بەناچـاری هەمـوو پرسـیار و گەڕان و گومانەکـان بۆ

خـوێنەر بەجـێ دەهێڵێت و خـۆی ئامـانەتی دوا پەیـامی مرۆڤبــوونی خــۆی دەکــات و دەڵێــت: (( **لەمــاڵە کەی خۆتدا/ ژوور و هەیوانێکم بۆ دانێ / ئەی خودا** )).

**لەکۆتاییدا:**

هەموو دەقێکی ئەدەبی شیاوی خوێندنەوەیە، کە دەقی ئەدەبیش خوێنرایەوە، شیاوی هەڵوستە لەسـەر کردنە، کە دەقیش هەڵوەستەی لەسەر کرا، قابیلی ڕاڤەی جیاو هەڵوەشــاندنەوە و قــسەلەسەرکردنە، مــاوەتەوە بڵێــین کتێبە شـیعری (مـردوویەک ئاگای لە هەمـووانە)شـیاوی هەڵوەستەی زیاتر و قسەی جیاو بۆچوونی جیاوازترە، وەلــێ ئــێمە بەپێــی خوێنــدنەوە و چێــژ و تێڕوانینــی خۆمــانەوە لەبــارەی پرســەکانی نووســین و چەمکــی گومانگەریی و گەڕانی شاعیر و پرسیار و عەودالبوون بە شــوێن وەڵامە ونبووەکــان هەڵوەســتەمان کــردووە، کـرانەوە و هەڵوەشـاندنەوەی دەقـی زینـدووش جـار لە دوای جار ڕوانینو و خوێندنەوەی جیاوازتر هەڵدەگرێت، وەلێ بەشێوەیەکی گشتگیر و کۆی قسەولێدوانەکانمان

شـاعير لە نێـو چەمکـی گومانگەریـدا پرسـیار دەکـات و هەمیشە لە گەڕانە بە شوێن پرسیارەکانەوە.

**پەراوێز و سەرچاوە :**

*مـــردوویەک ئاگـــای لە هەمـــووانە/شـــیعر _ســـەباح ڕەنجـدەر/لەبـڵاو کراوەکـانی دەزگـای ئـاراس ژمـارە _١٠٣٩-چاپی یەکەم ٢٠١٠

# بارگۆڕانی تەکنیک و دزینی وێنەی شیعریی

بەرز ڕاگرتنی شیعر و مانەوەی لە هزری خوێنەر دا، بەندە بەبنیاتنانی زمانی شیعرییەت و وێنە ی جوڵاو و ناجێگیر، تەکنیک لە وێنە ی شیعرییدا، بینای شیعرەکە پتەو تر دەکات، بێشک هەموو وێنەیەک لاسایی کردنەوەی ئەو شتەیە کەوا لە هزرماندا هەیە، ژیان پڕە لە وێنە ی سەیر و سەرنجراکێش و زۆرجاریش سواو،کەلە دەرئەنجامی باگراوەندەکانی وێنەی کۆن و ڕاستە قینە و وێنەگەلی جوایەز دروستبوونە، دیارە تەکنیک لە وێنە ی شیعرییدا هەمیشە لە بارگۆڕانێکی ناجێگیردایە و قۆناغەکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستە وخۆ کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبووە، بۆ ئەوەی قسەکانمان جێگای گومان نەبێت، پێویستە ئاماژەیەکی بچووک بە وێنەی شیعریی شاعیرانی کۆن بدەین، کاتێک بە باڵاو جوانی یارە کەیاندا هە ڵگوتووە، هونەری لێکچوواندنییان پیادەکردووە، بۆ پتەو کردنی

شیعرییەت، وەک:)) چاوی وەکو ژێر پیاڵەیە، برۆی وەکو کەوانە، لووتی وەکو فنجانە، زووڵفی وەکو تاڤگەیە،دەمی دەڵێی خونچەیە، بەژنی دەڵێی شمشاڵە،...هتد((، ئەمە وەک لێکچواندن و هونەری))لێچوو(( و ))لەوچوو(( و )) رووی لێکچوواندن((، وەلێ وێنەگەلەکانی نێو شیعر هەمیشە بە پێی تێپەڕینی قۆناغەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، شاعیر ناشێت ئێستایش بەهەمان دیدگاوە تەفسیری وێنەکانی هزری بکات، دەشێت لە هەر وێنەیەکدا هەزاران وێنەی تر دروست بکرێت و هیچ یەکێکیشیان لە وەی تر نەچێت، تەواویی وێنەکانی دەورووبەرمان تابلۆی شیعرین و دەتوانین بییان کەینە شیعر، وێنەگەلی نێو شیعر زۆرجار بارگاوی دەبێت بە خەونە ئەفسانەییەکانی شاعیریشەوە، بۆیە پێم وایە هەرچەند وێنە گەلی شیعریی بەدیدگای فانتازیاوە لە دووریانەکانی هەقیقەت بڕوانێت، ئەوەند وێنەی شیعریی پتەو تر دەبێت، بۆیە بەپێی زۆری ڕاگەکان، وێنە قسەیە کی قەتیسە، شیعریش وێنە کی بە گۆیە، شیعر یی بێ وێنە، لەیەکەم خوێندنەوەدا مردنی خۆی لە لای خوێنەردا بەیان دەکات، نەبوونی وێنەی شیاو و

گونجاو و ئیشکردن لە ڕەنگ و گەمەکردن بەدیوارەکان و تەکنیک لە ناجێگیربوونی ستایلی وێنەکان و چەند ڕەهەندێکی تر تایبەت بە چۆنیەتی نووسینی شێوازی شاعیرەوە، دواجار جوایەزی دروست دەکات، هەم لە نێوان قسەی ئاسایی و سادە، لە گەڵ شیعریی جوان و نەمر، هەمیش لەنێوان شاعیرانی تر و شیعریی تردا، ئەدۆنیس لای وایە)) زمانی ئاسایی زمانی ڕوونکردنەوەیە، وەلێ زمانی شیعر، زمانی ئاماژەیە، زمانی وێنەیە، شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بەزمانی ئاسایی ناگوترێ ((،وەلێ پێم وایە تەنیا وێنە لە شیعردا بەس نییە، ئاخر زۆر شاعیرمان هەن بەیەک ڕەنگ و بە یەک ستایل ئیش لە وێنە شیعرییەکانیاندا دەکەن، کەئەمەش تەمبەڵی و قوربانی نەدانی شاعیر ەکان بەیان دەکەن، چۆن وێنە ی شیعریی بە بێ تەکنیک، جگە لە وێنەیەکی سواو هیچی تر دواجار بەجێ ناهێڵێت بەسەر هزری خوێنەرەوە، بۆیە ئەم جۆرە شیعرانە زوو لە هزری خوێنەردا کاڵدەبنەوە و نابنە جێگای تێرامان ومانەوە، ئیشکالیەتێکی تریش کە ئەمرۆ زۆر بە زەقی دەبینرێت، نووسینی شیعرە، لە ژێر سێبەری وێنەکانی شاعیرێکی ترەوە، کە ئەمە ناچێتە قاڵبی کاریگەریشەوە،

ئەمە دزینی وێنەی شیعرییە بەزمانی وداڕشتنەوەیەکی تر، خەریکە ئەم پەتایە بچێتە قۆناغی بە کولتووربوون لە ئەدەبیـــاتی کوردیـــدا، زۆرێـــک ئەوانە بـــۆ ئەوەی ئاشکرانەبن و فێڵ لە خوێنەری شیعریی بکەن، هەمیشە ســـێبەرەکان دەگـــۆڕن و هەرســـاتەوە لە ســـێبەری شاعیرێکەوە خەریکی دزینی وێنەی شیعرین.

# چەکی شاعیر پێنووسە و فیشەکیش وشەکانیەتی

مێـژووی شـیعری کـوردی بەقۆنـاغگەلێکی جیـاوازدا تێپەڕیـوە، ئەم جیـاوازییەش وای لێکـردووە پێکـدادانی دەنگەکان دروست ببێت " دواجار شاعیری جاویدانییە سەراسیمە بە جوانییەکان، تاکو ئەو ئەندازەیە ئامادەگی خۆیـــان ســـەلماندووە، ســـەرەرای ژێردەســـتی و قبـوولنەکردنی زمـانی کـوردی. کەچـی شـیعری کـوردی هەرلەقۆناغەکـانی نێـوان سـاڵانی(١٩٣٩- ١٩٥٤-١٩٥٨) هەتـاکو ئەمـرۆش شـیعری کـوردی پـێگەی خـۆی هەیە، شـــیعری کـــوردی پەیوەســـتبووە بە بـــارودۆخ و هەڵـومەرجی کوردسـتانەوە. بـۆیە قۆناغەکـانی شـیعری کـوردی سـیماو خەسـڵەتی تـایبەت بە خـۆی هەبـووە و ئەو ئامـــادەگییەش پەیوەســـتبووە بەزادەی هەمـــان قۆناغەوە، کە ئەمە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هاتۆتە بوون. وەلـــێ دەســـەڵاتەکان لەنێوەنـــدی گۆرەپـــانی شـــیعرو ئەدەبیات و رۆشنبیری کوردیدا هەمیشە دووبەرەکی و

گــروپ و گروپکارییـــان دروســـتکردووه، که هەر ئەم پەتایەشە زیاتر وای کردووە هەناسەکانی داهێنان لە لە قــورگی ئەم پەتــایە گیرببێــت و پچــڕ پچــڕی بکــات و بەرهەمێکـــــی نـــــاوچەگەریی بەرهەم بێـــــت، نەوەک بەرهەمێکــی بەجیهــانیبوون. نابێــت ئەوەش فەرامــۆش بکەین کە شاعیرگەلێکی جواننووس و کۆمەڵە دەنگێکی تــازە ی یــاخی داهێنــانی جــوان و کــاری جوانییــان لە شـیعری کوردیـدا کـردووە. هەرچەنـدە شـاعیرە خەیـاڵ پیرەکـان ڕێگـریش بـوونە، لە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و گـــۆوا ر و ڕۆژنامەکـــان، کە ئەمە پـــێم وایە لەبەردەم شیعری کوردی بەربەستێکی تربووە.

شـیعری کـوردی لە قۆنـاغێکی ڕابـردوودا نەیتوانیـوە بـاس ئازارەکانی جیهـان بکـات، وەلـێ پێم وایە جیهـانی لەنــاو خۆیــدا دۆزیــوەتەوە. بــۆیە ســـەیری مێــژووی کـــردووە و بۆئاینـــدە بڕیاریـــداوە. گەشـــتی شـــیعری کوردیش لەم دەریایەدا هەمیشە هەوڵی پێشەوەچوونی داوە و هەمیشەش خاوەن بڕیاری قۆناغی خۆی بووە.

هــیچ شــتێک نیــیە بەقەد ئــازارێکی مەزن لەنــاخەوە باڵامــان بکــات و بەرەو ئەو وێــستگەیە رامــان بماڵێــت

کەبیرمان لێی نەکردۆتەوە. دەکرێت ئەمە سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەوەی لە کرۆکی نووسەربوونەوە نزیکتر ببینەوە، شاعیریش بەرلەوەی پێنووسەکەی چەکی بێت و پەیڤەکانیشی فیشەک بن و بیەویت بەدووره پەرێزی و جیاوازی بژیت و بیربکاتەوە، دواجار هەرخۆی لە هەناوی کۆمەڵگەکەیدا دەدۆزێتەوە، کە بوونی ئەوی پێوە پەیوەستە. دەشێ هەموومان لەناخی خۆماندا خودێکی رەخنەگرانەمان هەبێت، هەم لەرووی دنیا و هەمیش لە رووی مرۆڤایەتییەوە. کرداری بنەرەتی ئەم خودەش ئیشکردنە لە بارەی بۆشاییەکانی دەوروبەرییەوە. ڕەخنە ئیشکردنە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە بارەی زمانەوە، وشەش بوونی خۆی هەیە لەسەر زمان. ساموێل جۆنسن لای وایە کە ((زمان پۆشاکی بیرکردنەوەیە))، لێرەدا زۆرجار پرسیارێک خۆی لێمان قیت دەکاتەوە، ئەگەر زمان ڕەنگدانەوەی واقیعی ناوەوەی ئەو بوونەبێت، بۆچی زمانی زۆرێکیان لەم رێسا و یاسایە دەردەچن و لەگەڵ ئەم بوونەی خۆیان ڕاستگۆنابن. ئاخر مەگەر راستگۆیی هۆنراوەی هەستە جوانەکانی شاعیر نییە.

نــيچه له وتهیەکیــدا وەهـــا بۆچـــوونی لەبـــارەی نووسینەوە وەشاندووە ((لەنێوان نووسراوەکاندا تەنیا ئەوەم خۆشـــدەوێ کە مرۆڤێـــک بە خـــوێنی خـــۆی نووسـیبێتی))، ئـاخر نووسـەری جواننـووس بەخـوێنی خـۆی دەنووسـێت و قوربـانی لە پێنـاوی نووسـینەکانی دەدات، هەموو شاعیرێکی لێوڕێژ لەبەرائەتی ڕاستەقینە و شـەلاڵ لە مەعـریفە و پـڕ لە گـوتن بـریتییە لە دوو بـوونی جیـاواز، زۆرجـار ئەم بـوونە ڕاسـتەقینەیە و زۆرجاریش خەیاڵ، یاخود منی گشتی و منی تایبەتی. ئەو شـاعیرانەی کە بەزمـانی دەق لە نـاو دەقەکانییـان دەدوێن، واتە گوتنێک لەناو گوتندا. کە بریتییە لە دوو زمـانی جیـا و دژی یەکتـر. کە لەنـاوەوە و لە دەرەوەی زمــانیش ئیـشی خۆیــان دەکەن، ئەم زمــانە ش بەرەو قوڵبـوونەوەی مۆنۆلـۆجی وردبـوونەوەی قسە و وشـە دەڕوات. کەوایە هەمـــوو جیهـــان ناتوانێـــت زمـــانی شـاعیرێک ببەسـتێت، کە خـۆی شـاعیر بێـت. هەروەک ئەوەی کە هەمـوو دنیـا ناتوانێـت کەسـێکی خەیـاڵ ئـاڵ بکاتە شاعیر کە خۆی ڕۆحی شاعیرانەی نەبێت، هەمـوو دنیا ناتوانێت شاعیریەتی لە شاعیرێک بستێنێتەوە. ئاخر زۆر شــاعیر هەبـووە لەو ســەردەمەی تێیـدا ژیـاوە بە

نەناسـراوی ژیـاوە و دانیـان بە بلیمەتـی ئەو شـاعیرە نەنـاوە، وەلـێ دوایـی مردنـی تـوێژەرەوان دانیـان بە بلیمەتـی نـاوە. ئەوەتە ( ژۆژ لاتـور) نیگارکێـشێکی فەرەنـسی بـووە و لە سـەردەمی شـازدە و حەڤـدەدا ژیاوە، لە سەردەمی ژیانیدا بەنەناسراوی ژیاوە، کەچی لە سـەردەمی بیـست تابلۆکـانی کەوتـوونەتە بەر ڕۆشنایی و دان بە بلیمەتی ناوبراو نراوە. وەلێ ئەوە سەراسیمەی گوتنە، کە شاعیر دەبێت بە ڕۆحیەتێکی راسـتەقینەی عاشـقانەوە بنووسـێت و سـڵ لە هـیچ نەکـاتەوە و لە گەڵ خـۆی و دەوروبەرو شـاعیربوونی خـۆی ڕاسـتگۆ بێـت. هەمیـشەش بـۆ ئاینـدەیەکی دووربنووسێت، نەوەک لە قوڕو لیتەی مێژوو بچەقێت.

# نوێبوونەوە، ڕەتکردنەوە نییە!

نوێبـــوونەوە بریتـــی نیـــیە لە رەتکـــردنەوەی ئەو کـردارانەی کە لەمەو پـێش ئەنجامـدراون،وەک چـۆن ڕەتکـردنەوەش تەنیـا هەر بریتـی نیـیە هەڵوێـست و وشەی نەخێر شتەکان رەتبکەینەوە، بەڵکو رەتکردنەوە بـارگۆڕانێکی گـشتگیرە لەنـاوەوەی کـردەکەدایە، کە دوجار سروشت و پێکهاتەی خۆی لەو ڕەتکردنەوەیەدا دەدۆزێتەوە،رەتکـردنەوەی هەرکـردە و فیکـرەیەک بە کۆمەڵێـک رەهەنـدی جـودا وازی تـر کۆتاییـان دێـت، نوێبوونەوەی ئەدەبیش بەقۆناغە جیاجیاکانی ئەدەبیات کۆتاییان هاتووە،تەواوی قۆناغەکانی ئەدەبیاتیش زۆر و کەم کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە و هەموو ڕێبازەکانیش بەزیندووی ماونەتەوە، لەڕێبازی ئایدیالیدا نووسـەر هەمیشە دڵ و ویژدانی لەخزمەتی دەقەکەیدا بوونە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسـەر ئەدەبیاتدا هەبووە. ڕێبازی ریالیستی، لەم ڕێبازەدا نووسـەر زیاتر کاری سروشـــت و پێکهـــاتەی زەوی کـــردووە و

گواســـتوویەتییەوە نـــاو دەقەکـــانی، لێـــرەدا ڕۆڵـــی هونەرکـاری نووسـەر بەشـێوازێکی شـیاو و دروسـت بەدیـار ناکەوێت، بەڵکـو دەبێت ملکەچـی ئەو سروشـتە ببێــت و بەپێــی ناهەســت و نەســتی کارلەپرۆســەی دەقەکەیـدا بکـات، واتە نووسـەر لە چـوار چێـوەی ئەو پێکهــاتە سروشــتییەدا دەخــولێتەوە، وەلــێ ڕێبــازی ڕۆمانـسییەت تەواو پـێچەوانەی ئەو ڕێبـازەیە و ڕەتـی دەکاتەوە، کەچـی ڕێبازەکەش بەزیندوویی دەمێنێتەوە، تەواوی نوێبوونەوەکـــان خاســـیەتی تایبەتییـــان هەیە، زۆرجـار وارێـک دەکەوێت نوێبـوونەوە نـاکۆکی و دوو بەرەکــی لە ڕەهەنــدە فیکرییەکــانی نــاو ڕێبــازەکەش دروســت دەکــات. ئەگەر نمــوو نەیەکــی بچــووک لە ئەدەبیـــاتی کوردیـــدا بخەیـــنە ڕوو، ســـەبارەت بە نوێبــوونەوەی شــیعر، نــوێکردنەوەی تەکنیکــی دەق و رووخــساری شــیعریی کــوردی لە نێــوان ســاڵەکانی ١٩٣٩-١٩٥٨ دا ئەوا ئەوەمـــان چەنـــگ دەکەوێـــت لە ڕاڤەکەدا، کە نوێبــوونەوەکە زیــاتر بــایەخ دانبــووە بە لایەنێکی شیعریی، وەلێ لەگەڵا ئەوەشدا چەند هەوڵێکی تاکە کەسی دراوە بۆ نوێبوونەوە شیعر و نوێکردنەوەی لایەنەکـانی تـری شـیعریی کـوردی، وەک ئەوی کەوا لە

تاقیکردنەوە و هەوڵەکانی هەریەک لە شاعیران (گۆران، دیلان، قەدری جان، کامەران موکری، سوارەی ئیلخان زادە) دا، ئەم شـــــاعیرانە ئەگەرچـــــی لە هەوڵە تـــــاکە کەســـــیەکانیان تاســـــەر بەردەوام نەبـــوونە، وەلـــێ ئەم شـــاعیرانە ڕێچـــکە شـــێن و ڕێـــگە خۆشـــکەربوونە، بـــۆ قۆناغەکانی تری شیعریی کوردی.

کاتێـک لەســـاڵی ١٩٥٤ دا دیـــلان شـــیعریی ((ڕێگـــای خەبات))ی بەستایلێکی نوێ نووسی و لە ساڵی ١٩٥٧ تیشدا کامەران موکری شیعریی ((کچە شوان))ی وەک بۆمبێک لەم قۆناغەی شیعریی کوردیدا تەقاندەوە،ئەم هەولانەو چەنـدین هەوڵـی تـری ئەم شـاعیرانە بـوونە دەروازەیەکـی بـاش بە رووی نوێبـوونەوەی شـیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بۆیە بە پێی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی شیعر و نوێبوونەوەی ئەدەبیات، ئەوەشمان بۆ شرۆڤە دەبێـت، کەوا جیـاوازی نێـوان مێـژوو لەگەڵ ئەدەبیـات ئەوەیە: کە ئەدەبیـات کـارێکی هاوبەشـانەی مـرۆییە؟، واتە ئەدەبیـات لە دونیـای هاوبەشـیدا کاردەکـات، وەلـێ مێژوو کـار بـۆ کارەکانی تـاکە کەسـێک دەکـات، یـاخود کـار بـۆ ولاتێـک دەکـات. هەمـوو جـۆرە نوسـراوێکی ئەدەبیـات شـیاوی نـوێکردنەوەیە، وەلـێ مێژوو شـیاوی

نوێبوونەوە نییە. مێژوو ئەوەندەی گەڕانەوەیە، ئەوەندە بەروە پێشچوون نییە، وەلێ ئەدەبیات ئەوەندەی هەڵزنانە بە باڵای پێشوە چوون، ئەوەندە گەڕانەوە نییە، لە ڕۆحیەتی داهێنانە ئەدەبیەکاندا نوێبوونەوە هەمیشە بوونی هەیە و بەبێ نوێبوونەوە ئەو ڕۆحیەتە تووشی نە زیفبوون دەبێت، ئەگەر لە نوێبوونەوەدا ڕەتکردنەوەش هەبێت، ئەوا بۆ ئەوەیە لە ریگەی ڕەتکردنەوەکەوە بگەینە نوێبوونەوەیەکی تر، لە رێگەی نوێبوونەوەشدا بگەینە ڕەتکردنەوەیەکی تر، کەوایە تەواوی نوێبوونەوەکان خەسڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی تێدا هەیە،وەلێ ڕەتکردنەوەکان بۆ ئەوە نیینە کردار و مادە و خاسیەتەکان سفر بکەین.

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| من هیچ حەزم لەوە نییە دەسکاری چرای نەوت بکەم | ٧ |
| بەیەکدادانی کولتووورە جوایەزەکان لە ڕۆمانی بەفردا | ١٧ |
| خوێنەر وەک بەشێکی پرۆسەی نووسین | ٣٢ |
| ئەگەر قسە زیوبێت، بێدەنگی زێڕە | ٣٩ |
| دەشێت فۆرمی نوێی داستان، ڕۆمان بێت | ٤٥ |
| نامەیەک بۆ وەرگێڕی ڕۆمانی (کەس نامە بۆ سەرهەنگ نانووسێ)ی | |
| گابرێل گارسیا مارکیز | ٤٩ |
| ئەرکی نووسەر لە بەرپرسیارەتی نووسیندا | ٥٨ |
| نیگایەک بەسە بۆمردن، ژیان پیاسەیەکە لێوڕێژ لە ئاوابوون | ٦٤ |
| ئەدەب وەک بەشێک لە ڕۆح | ٧٧ |
| پیاسەیەک لەسەر باڵی هیومانیزمی | ٨٥ |
| گومانەکانی شاعیر لە ئیستاتیکای شیعریەتیدا | ١٠٢ |
| پرسیارە گومانگەرییەکان و گەڕان بەشوێن وەڵامەکان لەکتێبە | |
| شیعری (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) | ١٠٧ |
| بارگۆڕانی تەکنیک و دزینی وێنەی شیعریی | ١١٩ |
| چەکی شاعیر پێنووسە و فیشەکیش وشەکانیەتی | ١٢٣ |
| نوێبوونەوە، ڕەتکردنەوە نییە! | ١٢٨ |

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

## بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

## بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ز | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٣٢ | مذكرات يوسف حنا يوسف (أبو حكمت) | يوسف حنا يوسف | مذكرات | ٥٠٠٠ | ٢٦٤ |
| ٥٣٣ | لە کەناری هزرو زمان و ئەدەبدا | عەبـــــدولڕەحمان مەعرووف | وتار | ٢٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٥٣٤ | لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست | ئاوات محەمەد | رەخنەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٥٣٥ | پیاسەیەك لەگەڵ زەردخەنەی (با) | سەرهەنگ خامۆش | شیعر | ١٥٠٠ | ١٢٠ |
| ٥٣٦ | بژی نیشتمان | و. عەبدولستار جەباری | چیرۆك | ١٥٠٠ | ١١٢ |
| ٥٣٧ | پەندێن ژیانێ گوتنێن زانا ناڤدارین جیهانێ | محەمەد ساڵح پێندرۆیی | گشتی | ٥٠٠٠ | ٣٢٨ |
| ٥٣٨ | خەم و خەندە | عوسمان رسول | شیعر | ١٥٠٠ | ١٢٠ |
| ٥٣٩ | هونەری گوێگرتن | و. بەهزاد حەوێزی | دەروونناسی | ٣٠٠٠ | ٢٤٦ |
| ٥٤٠ | فیلەکەی نادر شا | د.موحسین ئەحمەد | رۆمان | ١٠٠٠ | ٦٤ |
| ٥٤١ | فێمێنیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە | و.ئامادەکردنی:بەیان عەزیزی | گشتی | ٣٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٥٤٢ | هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجیدا(١٩٢٦ – ١٩٣٢) | مستەفا ساڵح مستەفا | ئەدەب | ٥٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٥٤٣ | فیکرو فەلسەفە دەقی جیهانی | و. تاریق کارێزی | لێکۆڵینەوە | ٥٠٠٠ | ٣٣٦ |
| ٥٤٤ | ئایندەسازی | و.تاهیر عوسمان | کۆمەڵە وتار | ٣٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٥٤٥ | مرۆڤ و جڤاك | د. عارف حیتۆ | کۆمەڵە وتار | ٣٠٠٠ | ٣١٢ |
| ٥٤٦ | بیرەوەرییەکانم | مستەفا عەسکری | بیرەوەری | ٥٠٠٠ | ٣٦٠ |
| ٥٤٧ | هێلانەکەم لە کوردستان | سازان مەدحی مەندەلاوی | گشتی | ٥٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٥٤٨ | عەلی شوون هەڵگر | تەحسین شێروانی | فۆلکلۆری | ٢٠٠٠ | ٨٠ |
| ٥٤٩ | خەیالێکی پووچ | بەختیار نادر | کورتە چیرۆك | ١٠٠٠ | ٤٠ |
| ٥٥٠ | هەقایەت وئەفسانەی میللەتان | ئیدریس عەبدوڵلا | فۆلکلۆر | ٣٠٠٠ | ٢٧٢ |
| ٥٥١ | ئەدەب وەك بەشێك لەڕوح | غەمگین بۆڵی | لێکۆلینەوەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٣٦ |